هاوڕێ باخەوان

# رۆژی شۆڕش
# یان
# رۆژی تیرۆر



# ڕۆژی شۆڕش
# یان
# ڕۆژی تیرۆر

هاوڕێ باخەوان

بیرو بۆچوونێکی کوردانەی خۆرهەڵاتییانەیە
بەرامبەر ئەو ناداد پەروەرییانەی کە لە جیهاندا روودەدەن

ناوی پەڕتووك: ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر
نووسەر: هاوڕێ باخەوان
نەخشەسازیو بەرگ: كۆمپیوتەر دەریا
سەرپەرشتی چاپ: عەبدوڵڵا قرگەیی
چاپی یەكەم: ٢٠٠٣ هۆڵندا
چاپی دووەم: ٢٠٠٣ كوردستان
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری
لەكتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیریو هونەر لەهەولێر ژمار
ژمارە (٣٠١)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

## پێشکەشە :

**بەگیانی پاکی حەمە تەلانی**

**یەکەم**
**گیانبەخشی**
**رۆژی**
**شۆڕش**

# سوپاسێکی زۆر بۆ هاوبیرانم:

کاك بەختیاری شەمەیی لە هۆڵندا،

کاك ڕێبوار کەریم وەلی لە هەولێر،

کاك ئاکۆ محەممەد لە هەولێر و

کاك بەرهەم مانوو لە هۆڵندا

بۆ ئەو تێبینییە بەنرخانەی کە پێشکەشی ئەم نووسینەیانکرد. . .

# ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر[١]

## ٢٠٠١/٩/١٧

ڕۆژی سێشەممەی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ جیهان خرۆشا. لەم ڕۆژەدا چوار فڕۆکەی سیڤیل لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوە فڕێنران. تیرۆریستەکان بەخۆیان و "سێ دانە"[٢] لەو فڕۆکە فڕێنراوانەوە خۆیان کێشا بەهەردوو باڵەخانەی ناوەندی بازرگانیی جیهانی لەنیوۆرك و باڵەخانەی پنتاگۆن لەواشنتۆن. سەرئەنجامی ئەم کردەوەیە، گەلێك مەزن بوو. چوارەمین فڕۆکەی فڕێنراو لەبارودۆخێکی تەمومژاویدا لەلایەن ئێف شازدە ئامریکییەکان خرایە خوارەوە. بەپێی ڕاپۆرتی چاودێرەکان ئەم فڕۆکەیەی دواییان دەبووایە خۆی بکێشایە بەباڵەخانەی کۆشکی سپی لەواشەنتۆندا. دیارە ئەمە ڕاستە چونکە سێیەمین فڕۆکە کە خۆیی کێشا بەپنتاگۆندا، بەسەر کۆشکی سپیدا فڕیبوو و دەیتوانی خۆیی پێدابکێشێت. بەڵام لەبەرئەوەی بەرنامەی ئەو ئەوێ نەبووە، بۆیە پنتاگۆنی هەڵبژاردووەو کۆشکی سپیی بۆ هاوتیرۆرانی فڕۆکەی چوارەم داناوە[٣].

---

(١) ئەم نووسینە لەڕاستیدا وتارێکی بچکۆلەی ناو ڕۆژنامەی (میدیا)ی خۆشەویست بوو و بەم شێوەیە تاڕادەیەك فراوان بوو، بڕوانە: ڕۆژی شۆڕش.. ڕۆژی تیرۆڕ- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٠٨، ٢٠٠١/١٠/١٥- هەولێر- کوردستان.
زۆربەی سەرچاوەکانی ئەم نووسینە ئەو هەواڵانەی ڕۆژنامە هۆڵندیو عەرەبییەکانی هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ن. هەروەها سوودیش لەپەڕتووکی (دوای هەژانی دونیا)ی هاوبیرم کاك ڕێبوار کەریم وەلی وەرگیراوە.

(٢) دیارە ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر زۆر بارودۆخی ڕوونو ئاشکرا نییە هەربۆیە وشەی "سێ دانە"م خستە ناو کەوانەوە، چونکە هەندێك دەنگوباس واڕادەگەیەنێت کە ڕووداوەکەی پنتاگۆن فڕۆکە نەبووە، بەڵکو لەئەنجامی "بۆمبێك"ەوە بووە. . .

(٣) ئەمە زنجیرەی ڕووداوەکانی ڕۆژی ٢٠٠١/٩/١١ە:

* کاتژمێر ٨,٤٥ (٦,٤٥ بەکاتی باشووری کوردستان) فڕۆکەیەکی سیڤیل خۆیی کێشا بەیەکێك لە باڵەخانەکانی ناوەندیبازرگانیی جیهاندا لەشاری نیۆرك.

بەهۆی ئەم ڕووداوەوە هەردوو باڵەخانەی ناوەندی بازرگانیی جیهانی کە پێیان دەگووترا (باڵەخانەی دووانە– تویینگ تاوەر) دارمانە خوارەوە، زیانی پنتاگۆنیش(٤) گەلێك زۆر بوو، هەزاران مردوو، ترس، ملیاران دۆلار زیان بۆ ئابووریی جیهانی بەگشتیو ئابووریی ئامریکی بەتایبەتی. . .

ترسی ئەم هێرشە گەیشتە رادەیەکی واهی کە سەرۆکی ئامریکا (جۆرج بووش) بۆ ماوەی ١٠ کاژێر لەنێو فڕۆکەیەکدا بەئاسمانەوە بمێنێتەوەو

---

* کاتژمێر ٩,٠٣فڕۆکەیەکی تر خۆیی کێشا بەباڵەخانەی دووەمی ناوەندی بازرگانیی جیهانی.
* کاتژمێر ٩,٢٤ (جۆرج بوش)ی سەرۆکی ئامریکا لە فلۆریداوە رایگەیاند کە ئەمە هێرشێکی تیرۆریستییە.
* کاتژمێر ٩,٤٠تەواوی فڕۆکەخانەکانی ئامریکا داخران.
* کاتژمێر ٩,٤٣ فڕۆکەیەکی تر خۆیی کێشا بەوەزارەتی بەرگریی ئامریکا (پنتاگۆن) لەشاری واشەنتۆن دی سی.
* کاتژمێر ٩,٤٥کۆشکی سپی کۆکرایەوەو تەواوی ئەندامانی ڕەوانەی ژێرزەمین کران.
* کاتژمێر ٩,٥٣وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بەپەلە گوازرایەوە.
* کاتژمێر ١٠,٠٥باڵەخانەی باشووری ناوەندی بازرگانیی جیهان دارمایە خوارەوە.
* کاتژمێر ١٠,١٠ابەشێکی پنتاگۆن ڕووخا.
* کاتژمێر ١٠,٢٥ بۆمبێك کە لە ئوتومبیلێکدا دانرابوو لەبەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لەواشەنتۆن تەقییەوە.
* کاتژمێر ١٠,٢٨باڵەخانەی باکووری ناوەندی بازرگانیی جیهان دارمایە خوارەوە.
* کاتژمێر ١٠,٤٥تەواوی باڵەخانە فیدراڵییەکانی واشەنتۆن گوێزرانەوە.
* کاتژمێر ١١,١٨کۆمپانیای هاتووچۆی ئاسمانی، ئامێریکان ئێرلاینس رایگەیاند کە دوو فڕۆکەی بە ١٥٦کەسەوە دیارنییە.
* کاتژمێر ١١,٢٦ کۆمپیانای هاتووچۆی ئاسمانی، یونایتد ئێرلاینس رایگەیاند کە دوو فڕۆکەی دیارنییە.

(٤) زیانەکانی پنتاگۆن تائێستا بەڕاستی نەزانراوە، چونکە میدیای ئامریکیو خۆرئاوایی زۆرتر گرنگییاندا بەهەردوو باڵەخانەی تویینگ تاوەرو تاڕادەیەك ئەوەی پنتاگۆن شاردرایەوە. "لەوانەیە" زیانی پنتاگۆن زۆر زۆرتر بێت لەوەی ناوەندی بازرگانی، بەڵام کەی ئامارێکی ڕاستی زیانەکانی پنتاگۆن ئاشکرا دەکرێت!، ئەوەیان پەیوەندیی بەئاساییشی نەتەوەیی ئامریکییەوە هەیە. . .

نەوێرێت لە هیچ شوێنێك بنیشێتەوە. دیارە لەماوەی ئەو ١٠ کاژێرەدا ٤ فڕۆکەی جەنگیی ئێف ١٦ش پاسەوانیی سەرۆکیان دەکرد بەئاسمانەوە. لەو رۆژەدا بۆ ماوەی ١٠ کاژێر سەرکردایەتیی باڵای ئامریکا بۆشاییەکی گەورەی تێکەوتبوو، کە ئەمە هێزکارێکی خراپی بۆ دڵنەوایی ئامریکاییەکان هەبوو..

دەربارەی زیانی گیانی، بەپێی دوا راپۆرتی ئامریکییەکان خۆیان لەو دوو باڵەخانەیەدا ٢٨٢٣ کەس کوژران. لەمانە لاشەی ١٧٣٠ کەسیان بەهیچ جۆرێك نەدۆزرانەوە. نزیکەی ٢٠ هەزار پارچە لاشە دۆزراونەتەوەو تا کاتی ئەم نووسینە نەزانراوە هی کێن.

لابردنی پاشماوەکانی ئەو دوو باڵەخانەیە لەرۆژی ٢٠٠١/٩/١١ەوە تارۆژی ٢٠٠٢/٥/٣٠ی خایاند!.

ئەم رووداوە بەگەورەترین رووداوی تیرۆریستی دادەنرێت لەدژی ئامریکاو بەدرێژایی مێژوو.

رووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ شتێکی زۆر سەیرو سەمەرە بوو بۆ هەر یەکێك لەئێمە. ئەو وێنانەی کە لەسەر تەلەڤزیۆن دەمانبینین، نوێو ترسناك بوون. چونکە سەیرە مرۆ ببینێت کەسێك ئەو فڕۆکەیەی کە خۆی لێی دەخوڕێت، ئاڕاستەی باڵاخانەیەکی بکات کە هەزاران مرۆڤ کاری تێدا دەکەنو یەکەمین کەسیش کە لەو کارەساتەدا لەناوبچێت خۆی بێت!.

١١ی سێپتێمبەر، ئەو رۆژەیە کە دەبووایە چل ساڵ بەر لەئێستا جیهانی بەهەژاندایە!.

چل ساڵ پێش ئەو رووداوەو بەتەواوەتیو لەرۆژی ١١ی سێپتێمبەری ١٩٦١دا، لەشکری داگیرکەری ئێڕاق هێرشی کردە سەر باشووری کوردستان. هەزاران سەربازی عەرەبی بەپاڵپشتی فڕۆکە، تانك، تۆپو هتد.. کوردستانی بندەستی ئێڕاقیان کردە ئاگرو وێرانە.

زیان گەلێك زۆر بوو، زۆرترینی قوربانییەکان بریتی بوون لەمنداڵ، ئافرەتو خەڵکانی بێتاوان. وێرانەیەکی زۆر. خەڵکی زۆر دەترسا. کورد

دەبووایــە بــەرگری لەخاکەکــەی بکردایــە لــەدژی داگیرکــەرو هێرشــە بەربەرییەکانی سەربازە عەرەبەکان. جەماوەر خۆیان چەکدار کرد تاوەکو دژی ئــەم هێرشــانە بووەســتنەوە. ئەمــە کــارێکی گــران بــوو بــۆ ئــەو شۆڕشگێڕانەی کە تەنها چەکی سادەو کۆنیان پێبوو لەبەرامبــەر چەکی لەشکری ئێراق لەو کاتەدا. بەڵام خۆشبەختانە توانرا بەری ئەو هێرشانە بگیرێت. هەندێك فڕۆکەی جەنگی خرانە خـوارەوە. بەمشـێوەیە شۆڕشـی ١١ی (ئەیلوول- سێپتێمبەر)ی کورد دەستی پێکرد.

کورد ناوی ئەم شۆڕشەی نا (شۆڕشی ١١ی سێپتێمبەر). ئەم شۆڕشە تا ٦ی مارتی ١٩٧٥ درێژەی کێشا.

بەدرێژایی ١١ی سێپتێمبەر، چەند جارێك کورد گفتوگۆی لەگەڵ ڕژێمی ئێراقدا کرد. دواهــەمینیان لــە ١١ی مــارتی ١٩٧٠دا بــوو، کــە ئەمــەیان باشترینیان بوو. ئاگربەست بۆ ماوەی چوار ساڵ درێـژەی کێشا، واتـە تا ١١ی مارتی ١٩٧٤. ڕژێمی ئێراقی دانی بەوەدانا کە کورد پێویستە ماف خۆیی ببێت. مادەیەك خرایە سەر دەستووری ئێراق (ئێراق پێکهاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەکی، ئەوانیش عەرەب و کوردن). هەندێك ناوەندی کوردی کرایەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەوکات بەبێ هیچ پێشبڕکێیەکی تر رابەرایەتیی شۆڕشی کوردی دەکرد، بووە پارتێکی تاڕادەیەك فەرمی لە ئێراقدا. بەکورتی ئەم ماوەیە بووە پشوویەکی باش بۆ کورد.

لە ١١ی مارتی ١٩٧٤دا داگیرکەری ئێراقی ویستی رێککەوتننامــەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ تەنها لــەلای خۆیــەوە بەشـێوێندراوی پراکتیـك بکـات، بەبێ ئـەوەی لایـەنی دووەم کـە کـورد بـوو بەشـداریی ئـەو بڕیـارە بکـات. رێککەوتننامەکە بەبارێکی تردا گۆڕدرا، هەر بۆیە کورد بەو بڕیارە نەسازا. رامیاریی نێونەتەوەییش هێزکارێکی گەورەی هەبوو تاوەکو کورد بـەلای شۆڕشدا بابداتەوەو سەرلەنوێ لەدژی ئێراق شەڕ بکەنەوە.

جەنگ جارێکی تر دەستی پێکردەوە، ئەم جارەیان کورد بەشێوەیەکی ئاشـکرا یارمــەتیی لــەئێران، ئیســرائیل و ئامریکــا وەرگــرت. راکێشــە دژە

ئاسمانییەکانی ئێران لەدژی فڕۆکە جەنگییە ئێڕاقییەکان ڕۆڵێکی باشیان هەبوو بۆ پاراستنی پێشمەرگەکانی کورد. هەڵبەت ئەم ڕاستییانە لە زۆر سەرچاواندا باسکراون..

سەرۆکی ئەوکاتەی کەی دی پی، مستەفا بارزانیی نەمر ١٦ ملیۆن دۆلاری ئامریکیی لە ئامریکا وەرگرت. واتە شۆڕشەکە لەلایەن ئامریکاوە پاڵپشت دەکرا.

جەنگ نزیکەی ساڵێکی خایاند. بەپێی وتەبێژێکی ئێڕاقی لەدوارۆژانی جەنگدا، ئێڕاق تەنها چوار بۆمبی مابوو بیدات بەسەری کوردا. ڕژێمی ئێڕاق کەوتبووە بارودۆخێکی زۆر ناهەموارەوە. پێشمەرگەکانی کورد لەهەموو بەرەکانی جەنگدا شوێن پتەو و سەرکەوتووبوون. پاڵپشتێکی بەهێزیان هەبوو، کە ئەوانیش (ئێران، ئیسرائیلو ئامریکا) بوون.

شۆڕشی ١١ی سێپتێمبەری ١٩٦١ دەبوایە ژیانێکی نوێی بۆ کوردی بندەستی ئێڕاق بهێنایەتەدی. دەبوایە سەرەنجامەکەی ئەوە بووایە کە ئەو چەند ملیۆن کوردەی بندەستی ئێڕاق لەئاشتیدا بژیانایە، بەزمانی خۆیان بیانخوێندایە، جەژنە نەتەوەییەکانی خۆیانیان بگێڕایە، چیدی سووپای عەرەبیان لەسەر خاکەکەیان نەدیبایە، دایكو باوکی کورد چیدی منداڵەکانیان بەهۆی فڕۆکە جەنگییەکانی ئێڕاقەوە لەکیس نەچووایە. دەبووایە ئەم شۆڕشە هیوایەکی باشی بدایە بەکوردی بندەستی ئێران، تورکیا، سووریاو سۆڤیەتی ئەوسا. بەڵام سەرئەنجامەکەی بەو شێوەیە نەبوو. بەهۆی ئەم شۆڕشەوە دەبووایە پاش ١٣ ساڵی دواتر لەشکری داگیرکەری ئێڕاقی بەشێوەیەکی بەرفراوان هێرشی نەکردایەتەوە سەر کوردستانو زۆرتر لە ٥ هەزار گوندی کوردان لەگەڵ زەویدا تەخت نەکردایە، دەبووایە شاری هەڵەبجە لە ١٦ی مارتی ١٩٨٨دا بەگازی کیمیاوی بۆمباران نەکرایەو لە کاژێرێکدا ١٥ هەزار کورد نەکوژرانایەو بریندارو ئاوارە نەبوونایە!، دەبووایە ئەو هەموو ڕووداوە ناخۆشانە ڕوویان نەدابایە؟!. . . دەبووایەو دەبووایەو. . . هتد. هەر هیچ نەبایە دەبووایە ئەنفالی شووم ڕووینەدابایە؟!..

ئێراق دەبووایە كارێكی بكردایە كە جەنگەكە نەدۆڕێنێت. لەكاتی كۆبوونەوەكانی ئۆپێكدا لە جەزائیرو بەهۆی یارمەتیی سەرۆكی ئەوسای جەزائیر هەواری بومدیانەوە لە ٦ی مارتی ١٩٧٥دا سەددام حسێن رێككەوتننامەیەكی لەگەڵ محەمەد رەزاشای پەهلەویدا مۆركرد. (بڕوانە پاشكۆی ژمارە ٢). بەپێی ئەم رێككەوتننامەیە ئێران هەموو یارمەتییەكانی خۆی بۆ شۆڕشی كورد رادەگرێتو ئێراقیش لە پاداشتی ئەمەدا بەشێكی رووباری شەتاوی عەرەب كە خاڵی یەكگرتنی هەردوو رووباری كوردیی دیجلەو فوراتن دەداتە ئێران.

ئەم رێككەوتننامەیە بەپێی كارتی سەوزی ئامریكا مۆركراو ئەو رووداوە كتوپڕە نییە! كە وەك (هێنری كیسنجەر)ی وەزیری دەرەوەی ئەوكاتی ئامریكا لە یاداشتەكانیدا باسی دەكات.

دوای رێككەوتننامەكە ئێران بەشێكی شەتاوی عەرەبیی لەئێراق وەرگرت. بەرامبەر ئەمەش سنووری ئێرانی لەسەر كورد داخست. راكێتە دژە ئاسمانییەكان پاشەكشەیان پێكرایەوە بۆ ئێران.

كورد بەتەنها مایەوە، بەبێ یارمەتیی ئێرانو ئامریكا. فڕۆكە جەنگییەكانی ئێراق بەبێ هیچ بەرهەڵستییەكی ئەوتۆ كەوتنە بۆردومانكردنی گوندو هێزی پێشمەرگە. پاشاگەردانییەكی تەواوەتی بوو. سەرۆكی ئەوسای شۆڕشی كورد مستەفا بارزانیی نەمر چوو بۆ تاران تاوەكو داوای یارمەتی بكات، بەڵام ئێران هەر نەیتوانی هیچ بۆ كورد بكات، ئەوە ویستی ئەمریكاییەكان بوو. هەر بۆیە ئامریكا وەڵامی ئەو نامانەی نەدایەوە كە مستەفا بارزانیی نەمرو سەركردایەتیی شۆڕشی كورد ئاڕاستەی سی ئای ئەیو حكومەتی ئامریكایانكرد. كورد لەو نامانەدا تكایەكی زۆری لەئامریكا كرد كە هەرچی چۆنێك بێت پێشگیری لەتراژیدیای هەرەسی شۆڕش بكاتو یارمەتیی ئەو زۆرتر لە ٢٠٠ هەزار پەناهاندە كوردە بدات كە رەویان كردبوو بۆ ئێران.

لەیەكێك لەو نامانەدا هەموو گەورەییەكی ئامریكامان سەلماند،

تەنانەت پێمان گووتن ئامادەین ببینە ویلایەتی "٥١"ی ئامریکا!. بەڵام وەڵامی ئەوان "نەخێر"یش نەبوو. بەڵکو هەر وەڵامیان نەداینەوەو بوونە هۆی هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردو روودانی ئەو هەموو تراژیدیایەی کە دواتر بەدەیان ساڵ بەردەوامبوو.. تەنانەت ئەو بەناو دۆستانەشی کە کاتی خۆی فەرشی گرانبەهاو ملوانکەو گەردانەی مروارییان لەبارزانییەوە وەردەگرت کە هێنری کیسنجەر نموونەیەکیانە، هیچ هێزکارێکیان بۆ پێشگیریی ئەو هەرەسە نەبوو؟!. . .

نێوبراو پاش دەیان ساڵ وەك هەڵسەنگاندنی رووداوەکانی شۆڕشی ١١ سێپتێمبەری ١٩٦١ لەیاداشتەکانیدا بەئێمە دەڵێت "قوربانیی هەمیشەییی مێژوو". ئەمە لەچەند لایەنێکەوە زۆر راستە، بەڵام لەدوای ساڵی هەفتاکانەوە دەکرێت ئەو "مێژوو"ە بکرێتە ئامریکاو بگووترێت "قوربانیی هەمیشەییی بەرژەوەندییەکانی ئامریکا".

دوای گەڕانەوەی سەرۆك مستەفا بارزانی لەتارانەوە بەدڵی شکاوەوە، نائومێدیو پاشاگەردانی لەناو شۆڕشی ١١ی سێپتێمبەردا دەستیپێکرد. بیرۆی رامیاریی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند جارێك کۆبووەوە تاوەکو بڕیارێك دەربکات. پرسیاری ئەو کاتە ئەوە بوو "چی بکەین؟ ئایا شۆڕشەکەمان بەردەوام بێت بەبێ یارمەتیی ئێرانو ئامریکا یان بوەستین؟".

ئەوە هەڵبژاردنێکی زۆر گران بوو، بەڵام بەداخەوە بڕیاری وەستانی شۆڕش درا.

هەر بەڕاستیش هەڵبژاردنێکی گران بوو. ئەگەر شۆڕش رابوەستێنین، ئەوا خەباتی ١٤ ساڵمان بەهەدا دەچێتو سووپای ئێراق سەرلەنوێ دێتەوە سەرمان، ناوچە رزگارکراوەکانیش داگیردەکرێنەوە،و هتد.. ئەگەر بەردەوام بین لەسەر شۆڕش ئەوا کەس نازانێت چی روودەدات بەبێ یارمەتیی نێونەتەوەیی لەدژی رژێمێك کە دەتوانێت هەموو شتێکی هەبێتو هەموو شتێك بکات.

ئەو هەڵبژاردنەی شۆڕشی ١١ی سێپتێمبەر هەر بەگرانی دەمێنێتەوەو

یەکێکە لەهۆیەکانی لێکدابڕانی کورد لەیەکتری لەدوای ساڵی ١٩٧٥ەوە. بەهۆی راوەستانی شۆڕشەوە نزیکەی ١٠٠ هەزار پێشمەرگە چەکی دانا. هەندێك لەوانە خۆیاندایە دەست سووپای ئێراقەوەو برانە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان لە بیابانەکانی عەرەبستانی ئێراقدا. هەندێکیان وەك پەناهاندە چوونە ئێران، ئامریکاو وڵاتانی تری ئەوروپا. هەندێکی تریان نەیانتوانی بڕوا بەم بارودۆخە ناهەموارە بکەن و کورد واتەنی بەسیل و دیق کۆچی دواییانکرد!. ئەمانە مردنیان پێ باشتر بوو لەوەی جارێکی تر خۆیان بدەنە دەست لەشکری داگیرکەری ئێراقی.

بەهۆی رێککەوتنی ٦ی مارتی ١٩٧٥ و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی، کورد وازی لەشۆڕشەکەی هێنا، یاخود وازی پێ لێهێنرا. سەرئەنجامی ئەم رێککەوتنە درامایەك بوو بۆ خۆی. هەموو خێزانی پێشمەرگەکان خرانە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بیابانەکانی باشووری ئێراقەوە. ئێراق کۆنترۆڵی تەواوی ناوچە کوردییەکانی کرد. رژێمی ئێراق بڕیاری ئەوەیدا کە ئەو گوندانەی بەقوڵایی ٢٠ کیلۆمەتر لەسەر سنووری ئێرانن تەخت بکرێن و خەڵکەکەشی بەزۆر بخرێنە ناو ئۆردوگا زۆرەملێیەکانەوە. ئەم بڕیارە لەچەند مانگێکی کەمدا پیادەکرا. هۆکەشی ئەوە بوو کە بەری هەر سەرهەڵدانێکی تری کورد بگیرێت و پێشمەرگەکان یارمەتی لەگوندنشینەکان وەرنەگرن. یاخود لەئێران لەپاشەرۆژدا، چونکە ئێراق هیچ باوەڕێکی بە ئێران نەبووەو نییە.

خەڵکانێکی زۆر گیران. ئێراق هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ ئەوەی جارێکی تر شۆڕشی کورد هەڵنەگیرسێتەوە.

سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان رایانکرد بۆ ئێران. سەرۆك مستەفا بارزانی بەهۆی سەرئەنجامی ناخۆشی ئەم شۆڕشەوە لە ١ی مارتی ١٩٧٩ لە ئامریکا بەنەخۆشی کۆچی دوایی کرد. کورد بەرۆژی ٦ی مارتی ١٩٧٥ دەڵێت (هەرەس)[٥] واتە شۆڕشەکە توایەوە، هەروەك چۆن بەفر

(٥) بەداخەوە زۆر جار وشەی "ئاشبەتاڵ"مان وەك سەرئەنجامی ئەم شۆڕشە بەر گوێ دەکەوێت، بەڵام هەرەس تەنها هەرەسی پارتێك، بنەماڵەیەك یان کەسێك نەبوو، بەڵکو هەرەسی هەموو کورد بوو.

هەرەس دێنێت. هەندێك جار بە سەرئەنجامی ئەم شۆڕشەش دەگوترێت "نسکۆ".

لە ساڵی ١٩٧٦داو پاش هەرەس، کۆنگرێسی ئامریکی ڕاپۆرتی "پایك"ی دەرکرد. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١).

لەم ڕاپۆرتەدا هەندێك خاڵی نهێنیی شۆڕشی ١١ی سێپتێمبەری ١٩٦١ی ئاشکرا کردووە. ئەم ڕاپۆرتە زۆر بەڕاشکاوی دەڵێت "ئامریکییەکان وازیان لەکورد نەهێنا تاوەکو کێشەکەی خۆیان لەڕێی گفتوگۆی ١١ی مارتی ١٩٧٠وە چارەسەر بکەن". هەروەها ڕاپۆرتەکە دەڵێت "ئامریکا ویستی کورد جارێکی تر لەدژی ئێراق بجەنگێتەوەو بەڵێنی هەموو یارمەتییەکیشیان تا سەرکەوتن پێدان".

هەمان ڕاپۆرتی پایك ئەوە دڵنیا دەکات کە ئامریکاو ئێران لەوەدا هاوبیربوون کە شۆڕش بۆ ماوەیەك بەردەوام بێت و بەس، بەبێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێك بەدەستبهێنێت، واتە بەردەوام خەڵکی کورد بکوژرێت و بەبێ هیچ ئەنجامێك.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە "بۆچی ئامریکا ویستی کورد لەدژی ئێراق بجەنگێتەوە؟".

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە کەمێك بڕوانینە ڕووداوەکانی سەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەوکاتەی کە عەرەبەکان لەجەنگدابوون لەگەڵ ئیسرائیل. ئامریکاو ئیسرائیل ویستیان لەشکری ئێراق بەکوردەوە خەریك بکەن تاوەکو بەشداریی جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیل نەکات. واتە کورد بووە قوربانیی ئەم گەمە نێونەتەوەییە گڵاوەی کە ئامریکاو ئێران و ئیسرائیل یارییان دەکرد.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥وە مەترسیی جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیل کۆتایی هات، هەر بۆیە ئامریکییەکان وازیان لە یارمەتیدانی کورد هێنا بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان. هۆکەشی زۆر ئاسانە، ئەمانە کاریان بەکورد نەما!..

هەر لەهەمان ڕاپۆرتی پایکدا دەتوانین ئەم دێڕە بخوێنینەوە: "ئێمە –واتە

ئامریکییەکان– ڕامیارییەکی زۆر بێڕەوشتانەمان هەبوو بەرامبەر بەکورد، ئێمە وازمان لێنەهێنان گفتوگۆ بکەن و تاکۆتاییش یارمەتیمان نەدان".

ڕاپۆرتی پایك زۆر بەناوبانگ نییە لەرامیاریی نێودەوڵەتیدا، چونکە هەندێك ڕاستی لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئامریکا دەخاتەڕوو. پاش ئاشکراکردنی ئەم ڕاپۆرتە لەگۆڤارێکی ناوچەییدا بەناوی (ڤیلج ڤۆیس– دەنگی لادێ)دا بلاوکرایەوە تاوەکو بەشێوەیەکی فراوان بلاونەبێتەوەو هەموو کەسێك نەیخوێنێتەوە.

لیژنەی پایك لەرۆژی ١٩٧٦/١/١٩دا ڕاپۆرتەکەی خۆیی پێشکەشی کۆنگرێسی ئامریکی کرد. بەلام سەرۆك فۆرد لەسەر داواکاریی هێنری کیسنجەر نامەیەکی بۆ کۆنگرێس نارد تاوەکو ئەم ڕاپۆرتە بلاونەکرێتەوە، چونکە لەدژی بەرژەوەندییە بالاکانی ئامریکایە. کۆنگرێس لەسەر ئەم داوایە ڕازی بوو و لەرۆژی ١٩٧٦/١/٢٩دا بلاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی قەدەغەکرد. بەلام هەر چۆنێك بوو ئەم ڕاپۆرتە لەگۆڤاری (دەنگی لادێ)ی دەوروبەری نیۆرکدا بلاوکرایەوەو سی ئای ئەی زۆربەی هەرە زۆری ژمارەی ئەو گۆڤارەی کۆکردەوەو گۆڤارەکەش درایە دادگا؟!. . .

پێتان سەیر نەبێت گەر بگوترێت: "ئامریکا بووە هۆی وێرانبوونی ٥ هەزار گوندی کوردو کوژرانی زۆرتر لە ٢٥٠ هەزار کورد لەپاش هەرەسەوە".

زۆرم پێ سەیرە کە هەڵەی زلهێزان هەردەم شاردراوەیەو هەمیشە میدیای خۆرئاوایی دیزە بەدەرخۆنەی دەکات.. بەلام گەر ولاتێکی جیهانی سێیەم یان لایەنێك کە پەیوەندیی بەمانەوە نەبێت، پاش هەر هەڵەیەك ئەوا دەبێتە ڕۆژی دوایی و دارو بەردی خۆرئاوا لێی هەڵدەستێتە سەرپێ. من هیچ وتەیەکم بۆ ئەم نابەرامبەرییە نییە. تەنها ئەوە دەڵێم تاوان تاوانە گەر ئامریکا تاوانبار بێت یان ئێراق یاخود فەلەستینییەکان یاخود ئیسرائیل.. .

لە ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١دا تیرۆریستەکان هێرشێکی گەورەیان لەدژی ئامریکا پیادەکرد. ئەم هێرشە تا دنیا دنیایە لەهۆشی مرۆڤایەتیدا دەمێنێتەوە، چونکە شێوازو ئامانجی ئەم هێرشە زۆر نوێ و جیاوازە.

دەربارەی شێوازی ئەم هێرشە، ئەوەیە کە زۆر بەباشی ڕێکخراوەو جێبەجێکەرانیشی بوونە قوربانیی کردەوەکەیان.

لایەنێکی جیاکەرەوەی تری ئەم هێرشە ئەوەیە کە لەدەرەوەی بازنەی تەکنەلۆژیای سەربازی رێکخراو بەتەکنەلۆژیای سیڤیلی پیادەکرا، کە ئەمە تائێستا بەم شێوەیە روونەداوە.

دیارە دەبێت ئامریکا لەدیدی جێبەجێکارانی ئەم رووداوە شتێکی کردبێت، ئەگینا کێ ئامادەیە کارێکی واهی بکات؟. جێبەجێکەرانیشی دەبێت بە بیرێکی وا چەکداربن کە وایان لێبکات ژیانیان هیچ بەهایەکی نەبێ لەبەرامبەر ئەو کردەوەیەی دەیکەن‌و دژی کێ‌و سەرئەنجامی چۆن دەبێت!.

زۆر کەس‌و تەنانەت رۆشنبیرانی ئامریکاش لەخۆیان دەپرسن کە بۆچی تا ئەم رادەیە خەڵکی رکی لەوڵاتەکەیانە؟!..

دەربارەی ئامانجی ئەم هێرشە، دڵی ئامریکایە، مادەو چەك، ناوەندی بازرگانیی جیهانی‌و وەزارەتی بەرگری، کە هەردووکیان هێماکانی ئابووری‌و هێزی ئامریکان. بەتایبەتی باڵەخانە هەوربڕەکانی توینگ تاوەر کە هەردەم جێی شانازی‌و خۆ بەگەورەزانینی ئامریکا بووە، بەلام لەوە دەچێت لەمەودووا ئامریکا لە دروستکردنی باڵەخانەدا لەوە بەرزتر نەفرێت، نەوەکی نزمتر بنیشێتەوەو گراوند زیرۆی توینگ تاوەریش ببێتە گراوند مین تێن؟!.

ئەوەتەی ئامریکا هەیە هێرشێکی لەم جۆرەی بەخۆیەوە نەدیوە. لەسەروو ئەمانەشەوە ئامریکییەکان هەمیشە دووربوون لەجەنگ‌و گۆڕەپانی جەنگەوە، بەلام لەم هێرشەدا جەنگ لەناو ماڵەکانیاندا بوو!.

هێرشە تیرۆریستییەکە بۆ سەر ناوەندی بازرگانیی جیهانی هێزکارێکی دەروونیی خراپی هەبوو بۆ سەر ئامریکییەکان، خەڵکی زۆر دەترسان. ئەم ترسە گەیشتە رادەیەکی وا کە ئەفسەرانی ئاسایشی کۆشکی سپی بەباوەش دیك چینی ببەنە ناو ژێرزەمینی کۆشکی سپییەوە.

ئەم رووداوە هێزکارێکی نێگەتیڤانەی زۆریشی بۆ سەر ئەو هەفت

ملیۆن موسوڵمانە ئامریکییە هەبوو کە دوو ملیۆنیان عەرەبن. ئەمانە ترسی تۆڵەیان هەبوو لەلایەن هاوولاتییەکانیانەوەو هەندێك ڕووداوی ناخۆشی وەك کوشتن، لێدان و ڕەگەزپەرستیش ڕوویدا. . .

لەو ماوەیەدا لەهەر ساتێکدا بیریان لەوە دەکردەوە کەوا بۆمبێك دەتەقێتەوە. ئامریکییەکان ناچاربوون هاتووچۆی فڕۆکەکان لەئاسمانی ئامریکا قەدەغە بکەن. ئەمە ٥ ڕۆژی خایاندو زیانێکی ئابووریی مەزنی گەیاندە ئامریکاو جیهان و بەملیاران دۆلار زیان بەکۆمپانیاکانی هاتووچۆی ئاسمانی کەوت. هەروەها فڕۆکە کشتوکاڵییەکانیش نەدەبووایە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك بفڕینایە، نەبادا تیرۆریستەکان هێرشێکی بایۆلۆژی بۆ سەر ئامریکا بکەن. دەستەڵاتی ئامریکی چەندین خۆئامادەکاریی سازدا، بەتایبەتی لە فڕۆکەخانەکاندا. ئەم ترسە بەهەندێك لەولاتانی خۆرئاوای ئەورووپاشدا بڵاوبووەوە. ئەمانیش خۆیان بەنیشانێك دەزانی بۆ هێرشێکی لەناکاوی تیرۆریستەکان. هەر بۆیە وڵاتانی ئەورووپاش کەوتنە خۆئامادەکاری بۆ ئەوەی بەری هەر چالاکییەکی تیرۆریستان بگرن.

هەڵبەت هەندێك لەم دەوڵەتانە لەهیچی نەبوو!، خۆیان خستە نێو ئەم بەرەی بەرگرییەوە تاوەکو باشتر دواکەوتەیی (تبعیة) خۆیان بۆ ئامریکا بسەلمێنن و دڵی ڕازیتر بکەن. . .

دیارە دەوڵەتی ئیسرائیل لە هەموویان دڵگەرمتر بوو و ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری بەجۆرێك قۆزتەوە کە ئەمجارەیان بەبێ هیچ دەستپاراستنێك کەوتە گیانی منداڵ و ئافرەتی فەلەستینییە داماوە بێکەسەکان و دەوڵەتانی عەرەبیش لەترسی ئامریکا چاو و گوێی خۆیان لێ کوێرو کەڕ کرد؟!..

١١ی سێپتێمبەر بەکارەساتێکی جیهانی دادەنرێت. هەموو دەوڵەتان بەگشتی و دەوڵەتە ئەورووپییە خۆرئاواییەکان بەتایبەتی، ئیسرائیل، ئۆستراليا و کەنەدا پرسەیان بۆ ئەم کارەساتە گێڕا.

پرسەکە بەدوو جۆر بوو، یەکەمیان خەڵکی سادە بوون و خەفەتباربوون بۆ ئەو خەڵکانەی کە لەناوەندی بازرگانیی جیهانیدا گیانیان لەدەستدا، کە یەکێک لەو خەڵکە سادانە من بووم. دووەمیان دەوڵەتان و میدیا بوون. ئەمانیش پرسەیان بۆ ئەم کارەساتە گێڕاو هەندێکیشیان زۆرڕەوییان تێداکرد.

لەهەندێک شوێنی کوردستان پیاوێک سەرۆکی گوندێکە، بەم پیاوە دەگووترێت (ئاغا). ئاغا هەموو شتێکە لەگوندەکەیدا، یاسایە، هەندێک جار ئایینە، هتد. بەکورتییەکەی ئاغا ئامریکایەکە بۆ خۆی. ئەگەر لەگوندەکەدا کەسێک بمرێت، ئەوا پرسەیەکی ئاسایی بۆ دەگیرێت، ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ یان لەویش کەمتر ئەگەر کەسێکی نەگبەت و بێکەس بێت. بەڵام ئەگەر کوڕێک یان خزمێکی ئاغا بمرێت ئەوا لە هەموو گوندەکە دەبێتە پرسە، گرنگ نییە ئەو کوڕە یان ئەو خزمەی ئاغا کەسێکی باش بووە یان نا، هەموو گوندەکە پرسەی بۆ دەگرێت.

من ڕەفتاری ئەو دەوڵەتە خۆرئاواییانەو میدیای خۆرئاوایی بەتەواوی بەو کوردە گوندنشینانە بەراورد دەکەم. ڕووداوی زۆر گەورەو ناخۆش لەجیهاندا ڕوودەدەن کە زۆر لەوەی ناوەندی بازرگانیی جیهانی لە نیوۆرک تراژیدیاویترن، بەڵام لای دەوڵەتە خۆرئاواییەکان و میدیای خۆرئاوایی بەو شێوە جەرگبڕە نین!، دیارە کەم و زۆر باسی ڕووداوە جیهانییە نائامریکاییەکانی تریش کراوەو دەکرێت، وەک لە دەنگوباس یان ڕەشکردنەوەی چەند دێڕێکی ڕۆژنامەیەکیان و دەڵێن بەداخەوە یان ناخۆشەو نابێت کاری واهی ڕوبدات و هیچی تر؟!. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم جارەیان ناخۆشییەک لە ئاغا ڕوویداوە دەبێت هەموویان دڵسۆزیی خۆیان بۆ ئاغاکەیان پیشانبدەن و خۆیان خەمبار بکەن.

بۆ نموونە لەوڵاتێکی وەک هۆڵەندادا بەشێوەیەکی ڕەسمی پرسە گیرا. هۆڵەندییەکان خۆیان ئەگەر جار ناجارێک خولەکێک بۆ مردووەکانی خۆیان بوەستن، بەڵام بۆ مردووەکانی ئامریکای ئاغا سێ خولەک دەوەستن. بەدرێژایی چوار ڕۆژ، سێ کەناڵی تەلەڤزیۆنیی هۆڵەندی بەردەوام

بەرنامەیەکی تایبەتیی لەسەر هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر ئامریکا پێشکەش کردو بەتەواوەتی دەنگوباسەکانیان داپۆشی. (ڤیم کۆك)ی سەرەك وەزیرانی ئەوسای هۆڵنداش بۆ ماوەی سێ خولەك لەبەردەم باڵوێزخانەی ئامریکا لە لاهای بەبێدەنگی وەستا. ریپۆرتاژی زۆر، گریان، چەپکە گوڵ، جنێوو کفرکردن، هتد. . .

پێشتر ناوی دەوڵەتانی خۆرئاوام لەگەڵ میدیای خۆرئاوادا هێنا، چونکە بەڕای من ئەم میدیایە تەواو نییەو کەموکوڕیو نادادپەروەریی زۆر تێدایە. ئەم میدیایە هەردەم لەژێر هێزکاری رامیاریی خۆرئاوادایە بەتایبەتی ئامریکاو ئیسرائیل. دیارە بەو پێیە ئازادیی تەواوی رۆژنامەوانی بوونی نییە.

تەواوی کەناڵەکانی میدیای ئەوروپی (یەك دەنگو یەك ڕا)ن و لەیەك گۆشەوە دەڕواننە ئەو وڵاتانەی کە لەدەرەوەی خۆیانە. بۆ نموونە کامێراوانێك ئەگەر بچێتە یەکێك لەوڵاتانی جیهانی سێیەم[٦]، تەنیا

---

(٦) جیهانی سێیەم: ئەمە ئەو دەستەواژەیەیە کە وڵاتانی خۆرئاوایی بەسەر ناخۆرئاواییدا دایانبڕیوە. جیهانی سێیەم لەدیدی خۆرئاوادا دواکەوتووە، ئیسلامە، لەچکبەسەرە، چەکدارە بەچەکەکانی خۆیان!، چاوگەی تیرۆرەو هتد.. بەڵام لەبیری خۆیاندەبەنەوە کە ئەم جیهانی سێیەمەو بەتایبەتی خۆرهەڵاتی نزیك لانکەی شارستانی بووە.. سەرچاوەی رەهای ئەو بیرو پێشکەوتنەیە کە ئێستا لای خۆرئاوایە.
بۆ نموونە هەموو پێشکەوتنەکانی شارستانیی خۆرئاوا بەندە بە رەوڕەوەوە، ئەم رەوڕەوەیە کە هەفت هەزار ساڵ پێش زایین لە گوندێکی کوردستان بەناوی "چەرموو"ەوە داهێنراوە یان بەکارهێنراوە.
تەنانەت ئایینی دیان کە خۆرئاواییەکان شانازیی پێوەدەکەنو لەئایینەکانی تر پێشکەوتنخوازترە، هەر لەم خۆرهەڵاتی نزیکەوە سەری هەڵداوە، لەوانەوە بڕواننە دۆزینەوەی نووسینی مێخی لای سۆمەرییەکان، سەرەتاکانی پەرلەمان هەرلای سۆمەرییەکانو دروستکردنی قوتابخانە، ئەستێرەناسی، دەرمانسازیو زۆریتر کە لەسەر تەختە گڵینەکانی سۆمەرو بابلییەکان دەیخوێنینەوەو بوونەتە خاڵی سەرەتا بۆ پێشکەوتنی شارستانیی خۆرئاوایی.
ئەو زانستەی کە خۆرئاواییەکان دۆزیویانەتەوەو پەیوەندیی بەسەرەتا زانستییەکانی جیهانی سێیەمەوە نییە بریتییە لە بۆمبای ئەتۆمو کیمیاویو چەکی فرەکوژی تر.
خۆرئاواییەکان دۆزەرەوەی زانستی ئەلەکترۆنین، کە ئێستا پایەیەکی گرنگی جیهانگیرییە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر جیهان بەڕێوەبەرنو ئاڕاستەی کاروکردەوەکانی جیهانی

خەریکی وێنەگرتنو فیلمکردنی لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو وڵاتەیە. باشترین جێگە بۆ زۆمی کامێراکەی گەڕەکە میللیو دواکەوتووەکانن، ئافرەتانی لەچك بەسەرن، مزگەوتن، پیاوانی چەکدارن، هتد. کەچی هەر لەو وڵاتەی کە ئەم وێنەی تێدا دەگرێت، گەڕەکی پاكو شەقامی جوانو بینای بەرزو ئافرەتی بیٚ لەچكو مینی ژۆپ لەبەریش هەن، هتد. بەڵام ئەو بەمەبەستەوە گوێناداتە ئەمانە.

خۆشترین بابەت بۆ ڕۆژنامەنووسێکی خۆرئاوایی، بابەتێکە کە باس لەدواکەوتوویی ئەو وڵاتە بکات. ئەو بابەتێکی واهی هەڵنابژێرێت کە باس لەمێژوو، هونەر، وێژە، ژیانی ڕۆژانەو هتدی بکات تاوەکو بینەرو خوێنەری خۆرهەڵاتیی پیٚ لێزان ببێت!.

هەر بۆیە بینەرو خوێنەری خۆرئاوایی بەو بیرە ترسناکانەوە گۆش دەکرێت لەبارەی وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە. ئەوانە وا بیردەکەنەوە کە مرۆڤی جیهانی سێیەمو بەتایبەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەموویان لەخانووی زۆر دواکەوتوودا دەژین، هەموو ئافرەتانی ئەویٚ لەچکیان بەسەرەوەیە، هەموو پیاوان چەکدارنو هتد. هەربۆیە لەو ساڵانەی رابردوودا خەڵکی خۆرئاوایی ئەم پرسیارانەیان لە من کردووە:

خەڵکی کوێی؟ ئەمە ئەو پرسیارە ئاساییەیە کە دەیانەوێت بزانن من لە کوێوە هاتووم. چونکە هەندێك خەڵکی سەر ڕەش لەوانەیە لە ئامریکا، ئیتالیا، ئیسپانیاو یۆنانەوە هاتبن. ئەوانەش بەپێی میدیای خۆرئاوا پێشکەوتوو و ڕۆشنبیرن. ئەگەر خەڵکی ئەو وڵاتانە دەرنەچم، ئەوا بۆی هەیە زۆر بەئاسانی پرسیاری ترم لێبکات!

پاش ئەو پرسیارە دەیانەوێت زۆرتر بزانن، ئەوانە لەوانەیە لەسووچی ڕۆژنامەیەکدا بابەتێکیان لەسەر وڵاتەکەی من خوێندبێتەوە یان تەماشای ڕاپۆرتاژێکیان لەسەر وڵاتەکەی من کردبێت کە ئەوانەش دیارە بەپێی بیری

---

سێیەم بکەن. . . بەڵام دەبێت باش ئاگاداربن چونکە هەر بەهۆی جیهانگیرییەکەی خۆیانەوە تیرۆریش جیهانگیر بووە!.

ئاسـایی ئـەو ڕۆژنامەنووسـە خۆرئاواییانـە ئـەنجامدراوە بۆیـە پرسـیار دەکات و دەڵێت:

ئایا ئێوەش کۆمپیوتەرتان هەیە؟

ئێوەش هەر لەم جۆرە خانووانەدا دەژین؟

ئایا ئێوەش لەکاتی ژنوژنخوازیدا ئاهەنگ دەگێڕن؟

چۆن نان دەخۆن؟

گۆشتی بەراز دەخۆن؟[٧]

ئایا زانکۆتان هەیە؟

ئایا ئوتومبیل لەوڵاتی ئێوەدا هەیە؟

ئایا شۆفێری ئوتومبیل لای ئێوە دەبێت مۆڵەتی لێخووڕینی پێ بێت؟

ئەوانـەو پرسـیاری ناخۆشـی تریـش. بـەڵام مـن زۆر گوێیـان پێنـادەم چونکە دەزانم ئەو کلۆڵانـە ئاگایـان لـە چ نییـەو دەشـزانم ئـەو پرسـیارانە سەرچاوەکەیان لەکوێوەیە.

دەربـارەی ڕەفتـارو شـێوازی ئـەم میدیـای خۆرئاوایـە لەسـەر جیـهانی سێیەم، چەند ساڵێك لەمەوبەر بەهۆڵندی وتارێکم نووسـی. لـەو وتـارەدا ئەوەم بۆ خوێنـەرانی خۆرئـاوایی ڕوونکردبـووەوە کـە بۆچـی ئـەوان ئـەو هەڵوێستە نەزانانەیان بەرامبەر ئێمەی خۆرهەڵاتی هەیە، بەڵام ئەو لایەنەی کە من وتارەکەم بۆ ناردبوو بەوە نەسازا کە وتارەکەم بڵاوبێتـەوە چونکە من دەستی میدیای خۆرئاواییم خستبووە ڕوو و ئامانجە ڕامیارییەکەیانم بۆ خوێنەران ڕوونکردبووەوە.

ئامانجی میدیای خۆرئاوایی بەکورتی ئەوەیە کە بۆ هاووڵاتیانی خۆیان بسەلمێنن کە ئەمان باشترینن و خۆشترین ژیانیان هەیە. چونکە بەشەکەی

(٧) خۆرئاواییەکان بەتایبـەتی لـەم پرسیارەدا زۆر نادادپـەروەرن. ئەمانـە لەبەرئـەوەی هەست و سۆزێکی زۆریان بەلای جوولەکەوە هەیە، بۆ جوولەکە ئاساییە گۆشتی بەراز نەخوات یان ڕەگەزی نێر خەتەنە بکات، بەڵام بۆ موسوڵمانێك کە یەکەمیانی بـەلاوە تابووەو دووەمیانی بەلاوە سوننەتە. . . دواکەوتنە!..

تری جیهان یان بەشێوەیەکی تر ئەوانەی کە ناخۆرئاوایین دواکەوتوون. ئامانجە رامیارییەکەی پشتی ئەم میدیایە ئەوەیە کە بەم بیرانە هەرچی سەرهەڵدان یان هەندێك جار شۆڕش بۆ ژیانێکی باشتر لە کۆمەڵگەکانیاندا بەری پێ بگرن.

لەڕاستیدا ژیانی خەڵکانی خۆرئاوایی تا بڵێی مادیو بێگیانو وشكو ناخۆشە. ئەمانە تەنها بۆ ئەوەی بژین بەتاریکی لەخەو هەڵدەستنو بەڕاکەڕاك خۆیاندەگەیەننە سەر کارەکانیانو ئێوارەش بەتاریکی دەگەنەوە ماڵەوە. ئێوارانیش هەر چۆنێك بێت بەپەلەپەل خواردنێکی سادەو ساردوسڕ دروستدەکەنو پاشان خەو دەیانباتەوە بۆ سبەینێیەکی دووبارە. ئەمە کارو کردەوەیانە بەدرێژایی ژیانیانو ئەو مانگانەیەشی وەریدەگرن دەبێت یەك بۆ سێی بەناوی باجەوە بکەنە دەستی خێزانە بێکارە شاهانەکانیانەوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆشکەکانیانو بەردەوامیی گەشتەکانی ئافریکایان بۆ راوەشکارو کڕینی فەرۆی گرانبەهاو رۆلێتو پۆکەرەکانی شەوانی مۆنتیکارلۆیان.. ئەمانە ساڵانە گەشتێك یان زۆرتری دەرەوەی وڵاتەکەیان دەکەنو جارجارەش بەهۆی رامیاریی نادادپەروەرانەی وڵاتەکەیانەوە لە شوێنێکی وەك دوورگەی (بالی)ی ئەندەنووسیا بۆمبێکیان پیادا دەتەقێتەوەو مۆمی ژیانیان دەکوژێتەوە. . .

هەرچۆنێك بێت میدیای خۆرئاوا هەمیشە رۆڵێکی خراپو ترسناکی پیادەکردووە لەو رووداوانەی رابردوداو لەوانەشی کە روودەدەن. ئەم میدیایە هێرشە تیرۆرستانەکەی ١١ی سێپتێمبەری کردە جەنگێکی گەورە. سەرباری ئەوەش دەیەوێت بیکاتە جەنگێکی رەگەزپەرستانە. بۆ نموونە دەزگایەکی میدیای هۆڵندی لە ٢٧ی سێپتێمبەری ٢٠٠١دا گشتپرسێکی رێکخست. شاپرسیاری گشتپرسەکە ئەوە بوو "ئەو موسوڵمانانەی کە لە هۆڵندانو هێرشەکەی ١١ی ستێپتێمبەریان پێباشە، ئایا بکرێنە دەرەوە یان نا؟!". لەئەنجامدا نزیکەی "٦٥٪"ی خەڵکی هۆڵندی بە "بەڵێ" وەڵامی دایەوە. سەرئەنجامی گشتپرسەکەش بەفەرمی لەمیدیای هۆڵندیدا بە بەرفراوانی بڵاوکرایەوە.

ئەوەی من بزانم و بیستبێتم زۆرتر لە "٩٥٪"ی موسوڵمان و لەوانەش موسوڵمانەکانی هۆڵندا هێرشەکەی ١١ی سێپتێمبەریان پێباشە، باشترین نموونەش بۆ ئەمە ئاهەنگێڕانی فەلەستینییەکان بوو بەبۆنەی وەك خۆیان دەڵێن سەرکەوتنەکەی ١١ی سێپتێمبەرەوە. تەنانەت لەوڵاتێکی وەك کووەیتدا کە ئامریکا ئەو هەموو یارمەتییەی لەساڵی ١٩٩١دا دا بۆ رزگارکردنی لەژێر چنگی سەددام حوسەین، کەچی (دوو بۆ سێ)ی خەڵکی کووەیت لەگەڵ ئوسامە بن لادندان و زۆربەیان دژی بوونی سوپای ئامریکین لەخاکی کووەیتدا، هەر بۆیە لەمانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا کووەیتییەك کۆمەڵێك سەربازی ئامریکیی دایە بەر رێژنەی گوللەو یەکێکی لێکوشتن و چەند کەسێکیش بریندار. . . پاشان تائێستاش وڵاتە عەرەبییەکان منداڵانیان بەناوی ئوسامەوە ناودەنێن. . .

هەرچۆنێك بێت بەپێی ئەو گشتپرسە نێوبراوەی سەرەوە دەبێت زۆرتر لە نیو ملیۆن موسوڵمان لە هۆڵندادا بکرێتە دەرەوە. هەروەها ئەوەشی من بزانم و بیستبێتم و هەستم پێی کردبێت، سەرئەنجامی ئەو گشتپرسەی کە باسکرا تەواو نییە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەوە زۆرتر هۆڵندی هەن و دەیانەوێت موسوڵمانەکان بکرێنە دەرەوە بەڵام ناوێرن بەئاشکرا دان بەو راستییەدا بنێن یان دەنگ نادەن.

پێش ئەم گشتپرسە، هیچ کەسێك لە هۆڵندا نەیدەوێرا بەئاشکرا باسی کردنە دەرەوەی زۆرتر لە نیو ملیۆن مرۆڤ بکات. بەڵام دوای گشتپرسەکە بووە کارێکی ئاسایی. واتە میدیا دەتوانێت زۆر بەباشی وەك پەندە هۆڵندییەکە دەڵێت: "سەگە نووستووەکان بەئاگابهێنێتەوە".

نموونەیەکی تری ئەم گشتپرسانەی کە تۆوی رەگەزپەرستی لەنێو خەڵکیدا خراپتر دەورووژێنێت، ئەوەبوو کە دامەزراوی "گالوب" ئەنجامیداو ئامانجی گشتپرسەکەش راوەرگرتنی ئامریکاییەکان بوو بۆ ئەوەی عەرەبە ئامریکاییەکان ناچار بکرێن کارتێکی تایبەت هەڵبگرن بۆ ناسینەوەیان. ٤٩٪ی ئامریکاییەکان رازیبوون بەدروستکردنی ئەم کارتە. لێرەدا

بەراووردی ئەم گشتپرسەو رەفتاری سەردەمی ئەڵمانیای نازی دەکەم کە جوولەکەکان دەبووایە نیشانەیەکیان بەسەر سنگیانەوە هەڵواسیایە. بێگومان چ جیاوازییەکی نییە؟!.

لەگشتپرسێکی تردا ٥٨٪ی ئامریکاییەکان داوای ئەوەیانکرد کە عەرەبە ئامریکاییەکانی ئامریکا! بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەی تایبەت و توندی ئاسایشی ئامریکاوە.

لایەنێکی تری ئەم پشتگیرییەی میدیای خۆرئاوا بۆ ئامریکا، پیشاندانی بەردەوامی هەموو ئەو فیلم و راپۆرتنامانە بوو کە لەسەر تیرۆرن و ئەو تیرۆرەش پەیوەندیی بەعەرەب و ئیسلامەوە هەیە.. بەڕادەیەك لەو ماوەیەدا جگە لەو فیلمانە هیچی ترمان لەسەر کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی ئەوروپا نەدەبینی. کەناڵەکانی ئارِ تی ئێڵی چوارو پێنجی هۆڵندا نموونەی ئەو کەناڵانەن..

لەم جیهانەی ئێمەدا زۆربەی بڕیارە رامیاریو چارەنووسسازەکان لەپێشدا لەلایەن میدیاوە دەوروژێنرێت. یان بەشێوەیەکی تر رامیارەکان بیرۆکەکانی خۆیان دەدەنە میدیاو ئەمیش بەهۆی کەناڵە جیاوازەکانییەوە، بۆ نموونە گشتپرس، لەنێو خەڵکیدا بڵاویدەکاتەوە. پاشان بابەتەکە دەبێتە بابەتی رۆژ، زۆر جاریش وا روودەدات کە هەمان بابەت ببێتە خاڵی گفتوگۆی پەرلەمان، زۆر بەئاسانیش دەبێتە بڕیارێکی پەرلەمان. ئەمە من پێم وایە بەکارهێنانێکی زۆر خراپی دیموکراسییە بۆ ئامانجە رامیارییە گڵاوەکان.

لە ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١دا جیهان بووە دوو بەرەوە بەپێی وتەیەکی بۆشی سەرۆکی ئامریکا. بەرەی دیموکراسیو سەربەستیو وڵاتە شارستانییەکان، واتە ئامریکاو دەوڵەتانی خۆرئاواو هەندێك لە هەوادارانی خۆرئاوا. بەرەکەی تریان بەرەی تیرۆرە کە ئەمەیان هەردەبێت وڵاتانی جیهانی سێیەم و بەتایبەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بن.

لێرەدا دەمەوێت کەمێك هەڵوێستەیەك بگرم، بەتایبەتی لەسەر وشەی

تـیرۆر. ئـەم وشـەیە لـەم سـاڵانەی دواییـدا لـە میدیـای خۆرئـاواییدا زۆر بەکاردێنرێت، بەڵام تیرۆر چییەو کێ تیرۆریستە؟.

چەندین بـیرو بۆچوونـی جیـاواز لەسـەر تـیرۆر هەیـە کـە پـەیوەندییان بەچەندین گروپی جیاوازەوە هەیە لەوانە ئایینی، ڕژێمەکان و میدیاو هتد.

بۆ گروپێکی نازی لەئەڵمانیا، هێرشێك بۆ سەر خەڵکی بێگانە تیرۆر نییە، بەڵام بۆ خەڵکانی تر تیرۆرە. بۆ ئەڵمانیای نازی لەجەنگی جیهانیی دووەمدا کردنی جوولەکە بەسابوون تیرۆر نەبوو، بەڵام بۆ خەڵکانی تـرو بەتایبەتی جوولەکە تیرۆرە. بۆ وڵاتە ئیسلامییەکان و بەتایبەتی زۆربـەی خەڵکانی موسـوڵمان هێرشێك لـەدژی ئامریکـاو وڵاتـانی خۆرئـاوا تـیرۆر نییەو بەڵکو جەنگی پیرۆزیشە، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە موسوڵمان نین تـیرۆرەو جـەنگێکی گڵاویشـە. بـۆ ڕژێمێکـی دیـاریکراو هــەر کردەوەیـەك لـەدژی بەرژەوەندییـەکانی بێـت تـیرۆرە، بـەڵام بـۆ هـەندێکی تـر خـەباتی درێژخایـەن و جـەنگی پـیرۆزە. بـۆ میدیـا، بەتایبـەتی میدیـای خۆرئـاوایی هەرچییەك دژی ئامریکاو وڵاتانی خۆرئاوا بکرێت تیرۆرە، بەڵام بۆ میدیای ناخۆرئاوایی نا!. بۆ هەندێك کەس جەنگی پیرۆزی ئیسلام تیرۆرە هەروەك جەنگی بەرژەوەندیی وڵاتانی خۆرئاوا. بەکورتی هەر لایەك ڕایەکی هەیـەو هەمووش جیاوازن.

بەلای منەوە پێناسەیەکی سادە بۆ تیرۆر ئەوەیە هەر کردەوەیەك ببێتە هۆی زیان گـەیاندنی مرۆڤ، یان سـەرئەنجامی ئـەو کردەوەیـە ئەگـەرچی ڕاستەوخۆش نەبێت ببێتە هۆی زیان گەیاندن بەمرۆڤ. ئنجا ئایا مرۆڤێك بێت یان ملیۆنێك هەر تیرۆرە.

کەواتـە هێرشـی ئـەتۆمیی ئامریکا بـۆ سـەر هێرۆشیما تیرۆرە. هێرشـی جوولەکـە بۆسـەر گونـدی دێریاسین لەلایـەن ڕێکخـراوی ئـەرگۆن ڕەفـای لیۆمـیو کوژرانـی زۆرتـر لــە ٢٠٠ کــەس تێیــدا تــیرۆرە. چالاکییــە خۆکوژییـەکانی فەلەستینییەکان لـەدژی جوولەکـەکانیش تـیرۆرە. ئـەوەی تورکــەکان لــەدژی کــورد دەیکــەن تــیرۆرەو کەســیش باســی ناکــات.

بەکارهێنانی گازی کیمیاوی کە لەلایەن وڵاتانی خۆرئاواوە دروستکراو درایە ئێراق لەدژی کورد، تیرۆرە. کە ئەدوارد شیڤەرنادزەی وەزیری دەرەوەی ئەوسای سۆڤیەتیش نکوڵیی لەم هێرشە کیمیاوییە بۆ سەر کورد کرد، ئەویش هەر تیرۆر بوو. پێدانی چەکی کیمیاوییش لەلایەن هۆڵنداو ئەڵمانیاو وڵاتانی تری خۆرئاواوە بۆ ئێراق ئەویش بەدڵنیاییەوە تیرۆرە. هێرشی ١١ی سێپتێمبەر بۆ سەر ناوەندی بازرگانیی جیهانیش هەر تیرۆرە، ئەو زللەیەی کە مامۆستای وێنە بەناهەق لێیدامو ئەوکاتە تەمەنم پێنج ساڵان بوو و لەیەکی سەرەتایی بووم هەر تیرۆرەو هتد..

لێرەدا چەند بەراووردێکی دژ بەیەك بەپێویست دەزانم:

**بەراوودی یەکەم:**

ساڵانێکی زۆرە داگیرکەری ئێراقی لەو بەشە بندەستەی کوردستاندا مینی چاندووە، ئەم مینانە زۆربەی هەرە زۆری لەلایەن کۆمپانیا دژ بەمرۆییەکانی ئەوروپاوە دروستکراوە، بەتایبەتی ئیتالیاو سوید، زۆر بەتایبەتیش کۆمپانیای دروستکردنی ئوتومبیلی فیات. ئەم کۆمپانیایە جگە لە دروستکردنی ئەو ئوتومبیلانە، خاوەنی کۆمەڵێك کۆمپانیای هاوبەش و هاوپشکی بچووکی ترە بۆ دروستکردنی چەك و کەرەستەی تر.

یەك لەو کەرەستانە ئەو مینانەیە کە بەملیۆنان لەکوردستاندا چێنراون. بەهۆی ئەو مینە ئیتالییانەوە هەزاران کەس لەناوچوون، هەزاران منداڵ و گەورە بێ دەست و پێ بوون. دەیان هەزاران سەر ئاژەڵ لەدەست چوون. دروستکردنی ترسێکی زۆر لەدەیان ناوچەو چێنەکردنی کشتوکاڵ تێیداو هتد..

ئەمە تیرۆرەو تیرۆرێکی گەورەشەو لەوەی ١١ی سێپتێمبەریش گەورەترە.

خەڵکانی خۆرئاوایی کە باسی رۆیشتن و زەوی و پێ دەکەن، یەکسەر پێڵاوی ئیتالییان بەبیردادێت!، کە چەند جوان و چاك و نایابە!. بەڵام لای کورد پێڵاوی ئیتالی، نەك جوان و چاکەو پێ دەپارێزێت!، بەڵکو زۆر جار دەستیشت بەپێتەوە بۆ هەتا هەتا لێدەکاتەوە..

ئەو مینانە بەلای کۆمەڵگەو میدیای خۆرئاواییەوە تیرۆر نییە!، بەڵام ئەگەر بێت و یەکێك لەو بێ دەست و پایانەی هەزاران کارەساتەکانی مینەکانی ئیتالیاو سویدو وڵاتانی خۆرئاوا، بۆمبێك بخاتە ناو دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیای فیاتەوە یان هەر یەکێك لەم کۆمپانیا تیرۆریستانەوە، ئەوە دەبێتە تیرۆریست و میدیای خۆرئاوایی دەیکاتە هەرایەکی گەورەو کوژراوانیش لەڕێو ڕەسمێکی گەورەدا دەنێژرێن و زەنگی کڵێسەکان گوێ کەڕ دەکەن، خەڵك دەگرین، چەندین خولەك وەستانی ماتەمی، چەپکە گوڵ، کۆڕ، یادکردنەوەی ساڵ بەساڵ و. . . هتد.

بەڵام کامیان تیرۆرن؟..

من لەبەرئەوەی خۆم لەدروستکاران و چێنەرانی ئەو مینانە بەمرۆڤتر دەزانم، ناتوانم کارێکی لەو شێوەیەی خۆیانیان لەگەڵدا بکەم، تەنها ئەوەم لەدەست دێت، ئەگەر بمەوێت ئوتومبیل بکڕم، ئەوا یەکەم مەرجم ئەوەیە کە فیات نەبێت..

## بەراووردی دووەم:

کۆمپانیای شێڵی هۆڵەندی و بریتانی کە پشکی زۆری هەردوو بنەماڵە شاهانەکەی ئەم دوو وڵاتەی تێدایە، هەر لەساڵانی ١٩٧٣وە (٤٨٨ ملیۆن)! بەرمیل نەوت و ئاوی پیس و مادەی کیمیاویی پیسی بەئاگاداریی تورك فڕێداوەتە ژێر زەوییەکانی ناوچەی دیاربەکری باکووری کوردستانەوە. بەهۆی ئەم ڕەفتارە دژبە کوردو مرۆڤایەتییە تیرۆریستییەوە، هەزاران دۆنم زەوی پیس بوون و هەزاران جووتیار لەپیشەی کشتوکاڵێتی بوون.

(تێبینی: من ئەگەر لەتەمەنی فێربوونی یەك و دووەمەوە تا ئەو ڕۆژەی دەمرم خەریکی ژماردنی یەك و دوو بوومایە، باوەڕناکەم بگەیشتمایەتە نیوەی ئەو ژمارەیە!).

ئەمە کارێکی تیرۆریستییەو زۆر لەوەی ١١ی سێپتێمبەریش خراپترە، چونکە ژینگەی ناوچەکەی پیس کردووەو ماوەیەکیش ڕێکخراوی گرین پیس –ئاشتیی سەوز، لەسەری هەڵدایە.. بەڵام بەداخەوە ئەو

لەسەرهەڵدانە زوو کپ بووەوە،.. دیارە دەبێت کپ ببێتەوە یان کپ بکرێتەوە.. دەبێت ڕێکخراوێکی وەك گرین پیس بەرامبەر کۆمپانیایەکی گەورەی وەك شێڵ چیی پێبکرێت.. لەوەوە بڕوانە ئاستی دەستەڵاتی گرین پیس بەرامبەر هەردوو بنەماڵەی شاهانەی هۆڵنداو بریتانیاو دەوڵەتی تیرۆریستی تورك..

پیسکردنی ژینگە بەلای خۆرئاواو میدیاکەیانەوە تیرۆر نییە، بەڵام جووتیارێکی کورد کە بەهۆی ئەو کردەوەیەی شێڵو تورکەوە بەنزینخانەیەکی شێڵ بسووتێنێت، ئەوا تیرۆریستە. پاکژکردنەوەی ژینگەی دیاربەکر یان کارێکی مەحاڵە، یان سەدان ساڵو ملیاران دۆلاری تێدەچێت.

جارجارێك ئەگەر کەشتییەکی نەوتهەڵگر لە نزیك کەنارێکی وڵاتێکی ئەوروپی کەمێك نەوتی لێبچێت، ئەوە دەبێتە کارەساتێکی گەورە.. ڕۆژنامە، تەلەڤزیۆنو داروبەرد دەبێتە هۆی خەریکبوونی ئەو هەواڵەو پیسبوونی ژینگەو خەفەتخواردن بۆ ماسیو پەلەوەری کەنارەکەو زۆریتر. ئەمە تەنها لەبەرئەوەی ئەو کەنارە کەنارێکی ئەورووپییە. بەڵام وڵاتێکی وەك کوردستان هەزاران کیلۆمەتر لێیانەوە دوورە، دەسووتێت، ژینگەی پیس دەبێتو چیی تری لێبەسەردێت.. ئەوە گرنگ نییە. چونکە ئاگرە سوورە لەخۆرئاوا بەدوورە. نموونەیەکی ئەمە ئەو کەشتییە بوو کە لەناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ لەکەناری ئیسپانیا نوگرۆ بوو و نەوتێکی زۆر ڕژایە کەنارەکانی ئیسپانیاوە.

من کارێکی وەك ئەوەی ئەو جووتیارەم بەرامبەر تورکو شێڵ لەدەست نایەت. بەڵام گەر ئوتومبیلم ببێت، ئەوا هەرگیز ناچم ئەو بەنزینەی کە بەشێوەیەك لەشێوەکان لەوڵاتەکەی خۆم دزراوە!، لەبەنزینخانەیەکی شێڵی بکڕمو تادوکانی یەکێکی تر وەستابێت، هەرگیز ناچم جگەرەیەك لەتورکێك بکڕم. چونکە چەند سەرمایە لەدەستی تورکدا زۆر ببێت، هێندە ئاگرو ئاسنەکەی ئاسمانی کوردستان زۆرتر گڕدەسەنێت!..

**بەراووردی سێیەم:**

کێ بێت لە ئێمە وێنە بەناوبانگەکەی عومەری خاوەری نەبینیبێت!.

عومەری خاوەر ئەو باوکە بەسۆزەی کورد بوو، کە لەرۆژی ١٦/٣/١٩٨٨دا نە کۆرپە مانگانەکەی پێپاریزراو نە خۆشی. نامەوێت لێرەدا پاکانە بۆ رژێمی داگیرکەری ئێراقی بکەم، چونکە ئەمیش هێندەی خۆرئاواو ئامریکا لێپرسراوە بەرامبەر کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لەرۆژی ١٦/٣/١٩٨٨دا.

بەڵام من باوەڕی تەواوم بەوە هەیە، کە وڵاتانی خۆرئاواو ئامریکا دەیانتوانیو دەتوانن بەری زۆر کارەسات بگرن کە بەسەر جیهانی سێیەمدا دێت.

دیارە یەك لەو کارەساتە خوێناوییانە، کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەیە. ئەوان وەکو بەری ئەو کارەساتانە ناگرن!، دەبنە یارمەتیدەریو خوێناویتری دەکەن. چونکە ئەگەر رووسو وڵاتانی خۆرئاوا چەکی کیمیاویی نەدەنە سەددام حوسەین، زۆر زۆر لەرۆژی ١٦/٣/١٩٨٨دا چەند ناپاڵمێك بەر هەڵەبجە دەکەوتو لەوانە بوو چەند سەد کەسێك بکوژرێت لەجیاتی چەند هەزارێك، وەك ناپاڵمبارانەکەی هەردوو شاری قەڵادزێو هەڵەبجە لە ٢٤و ٢٦/٤/١٩٧٤دا هەر لەلایەن هەمان رژێمی سەددام حوسەینەوە. دیارە ئەم ناپاڵمەش هەر لەلایەن خۆرئاواوە دراوەتە رژێمی داگیرکەری ئێراقی.

من زۆر روانیومەتە ئەو وێنەیەی عومەری خاوەرو کۆرپەکەی کە سووچێکی بچووکی کۆڵانێکی شاری هەڵەبجەیەو یەکێکە لەو هەزاران درامایەی کە دەمەونیوەڕۆ لەلایەن فرۆکەوانە عەرەبە ئێراقییەکانو بۆمبای کیمیاویی خۆرئاواوە روویدا. دەبێت عومەری خاوەر هیواو ئامانجەکانی چ بووبێت لەژیاندا؟، دەبێت چ هیوایەکی بۆ ئەو کۆرپەیەی باوشی خواستبێت؟!..

ئەو کاتەی عومەری خاوەر سەری هەموو دنیای لێهاتبووە یەكو تاکە چەکی بەرگریی بۆ پاراستنی منداڵەکەی باوشی بوو لەجیاتیی گێڕانی

**جەژنی چوارشەممە سوورە! چونکە ئەو رۆژە دووا چوارشەممەی ساڵی کوردی بوو، ئا لەو ساتەدا ئەوانەی کە ئەو بۆمبایانەیان دروستکردبوو، خەریکی نانخواردنی نیوەڕۆو گاڵتەبازیو پێکەنین بوون. خەریکی باسوخواسی پشووی کۆتایی هەفتەو پشوو و ڕابواردنی هاوین بوون، کێشەی ئەوەیان هەبوو، کە نازانن ئەم هاوینە بچن بۆ کویٚ!. بچن بۆ دوورگەکانی هاوای یان میسر یان بۆ وڵاتی چین بۆ بینینی شوورەکەی، یان و، هتد..**

**یەکێك لە دروستکەرانی ئەو بۆمبا کیمیاوییانە، ئەو نیوەڕۆیە نەیتوانی بەشداری نانخواردن و گاڵتەبازیی هاوکارانی بێت، چونکە منداڵە چەند مانگییەکەی کە هاوتەمەنی منداڵەکەی عومەری خاوەر بوو، سووکە تایەکی گرتبوو و ناچار لەماڵە خۆشەکەیداو لە ژوورە پڕ لەهەموو شتەکەی منداڵەکەیدا بەدیارییەوە دانیشتبوو. بۆ سبەینیٚ خۆشبەختانە تای منداڵەکەی ئاسایی بووەوەو باوکە وەکو رۆژانی تر بردی بۆ دایەنگەکەیو ئەمیش هاتەوە سەرکار، بەڵام عومەری خاوەرو کۆرپەکەی بەوشەوەو تا رۆژی ئەمڕۆش هەر لەبەر دەرگای ماڵەکەیاندا مانەوە!..**

**هەر ئەمڕۆ میدیای ئێرانی کارەساتی هەڵەبجە بەدنیا دەناسێنێت، دیارە ئەویش نەك لە بەرژەوەندیی کوردی بێچارەی شاری هەڵەبجە!، چونکە ئێران خۆشی داگیرکەری بەشێکی گەورەی کوردستانە. بەڵکو لەبەرژەوەندیی خۆییو جەنگە هەشت ساڵەییەکەی لەگەڵ ئێڕاقدا.**

**کارمەندانی کارگەکە لە پشووی نیوەڕۆو گاڵتەبازیی سبەی نیوەڕۆیاندا هەواڵەکە دەبیستن.. هیچ خۆیان تێکنادەن.. یەکێکیان کە پسپۆڕی باشترکردنی ئەو چەکانەیە.. خێرا بیرێکی شەیتانی دێت بەمێشکیدا، کە هەندێك لە بریندارانی هەڵەبجە بەبیانووی چارەسەرەوە لەئێرانەوە بێنێتە وڵاتەکەی! بۆ ئەوەی بزانێت ئایا کاریگەریی بۆمباکانیان لەسەر مرۆڤ چۆن بووە! ئایا باشی کوێر کردووە؟.. ئایا باشی شێت کردووە؟.. ئایا باش بووەتە هۆی ئەوەی هەتا هەتایە ئەو ئافرەتە بریندارانە منداڵیان**

نەبێت؟.. ئەگەرنا!، ئەوا بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن ئەم بۆمبانە کاریگەرتر بکەن!. . . .

باوەڕناکەم لەدوای ڕووداوی هێرۆشیمای دەستنێژی ئامریکاوە، تا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ کارەساتێکی وا گەورە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویدابێت. لەهەڵەبجەدا تەنها دوو باڵاخانە نەڕووخان، لەهەڵەبجەدا هەموو شارەکە ڕووخا!، لەهەڵەبجەدا تەنها دوو هەزار کەس نەکوژران، لەهەڵەبجەدا پێنج هەزار کەس کوژراو زۆرتر لە دە هەزار کەسیش بریندارو کوێرو شێت بوون، لەهەڵەبجەدا ئەوەی بەساغی مایەوە ناچار ماڵو شارەکەی خۆیی بەجێهێشتو ئاوارەی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانی ئێرانو ئێراق بوو.. ئەو ئاوارانە هەریەکەیان دەیان کەسی نزیکی خۆیانیان لەدەستدابوو، ئەوانە تاڕۆژی ئەمڕۆش لە مۆتەکەی بۆمبا کیمیاوییەکانی ئێراقو خۆرئاوادا دەژین،و ئەوانە. . .

دیارە ئەگەر پێنج هەزار ئاژەڵ لەخۆرئاوا بکوژرانایە، ڕەنگە بەدرێژایی مانگو بگرە ساڵێکیش کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەدوانی ئەم درامایە بێبەشیان نەکردینایە؟!.

ئێستا لەئەندێشەی خۆمدا دەمەوێت بیر لەو منداڵە دە ساڵەییەی شاری هەڵەبجە بکەمەوەو ئەم سیناریۆیەی بۆ دروستبکەم کە هەموو ڕووداوەکانی لەمێشکدا چاپبووەو ماڵەکەیان بەرامبەر ماڵی عومەری خاوەر بوو لەهەڵەبجەو باوکو دایکو هەندێك لە خوشكو براو خزمو دراوسێکانی لەشاری هەڵەبجەدا بەبەرچاوی خۆیەوە لەدەستچوون. ئەم منداڵە دە ساڵەییە هەرچی چۆنێك بێت بەهۆی کەسێکی ترەوە لەڕووداوی هەڵەبجەدا ڕزگاری بوو و بەڵام بۆ ماوەی ساڵێك بەهۆی گازی کیمیاوییەوە کوێر بوو و لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی ئێران چارەسەرکراو ئێستا چاویلکەیەکی لەچاودایە.

دە ساڵ پاش ڕووداوەکەی هەڵەبجە، ئەو لاوە دەبێتە بیست ساڵو بۆ ئەوەی خۆی لەو هەموو بیرەوەرییە ناخۆشانە ڕزگاربکاتو چارەسەرێکی

باشتر بۆ چاوی بدۆزێتەوە، هەرچی چۆنێك بێت خۆی دەگەیەنێتە ئەوروپا. ئەم لاوە هەرچەندە تاڕادەیەك ولاتانی خۆرئاوا بووەتە هۆی لەدەستدانی شارو کەسوکارو چاوی، کەچی لە ئۆردوگایەکی پەناهاندەکاندا بۆ ماوەی چوار ساڵە زۆرترە دایانڕزاندووەو هیچ وەلامێکی نادەنەوە. نە ئەوەتا لەرۆژانی یەکەمی پەناهاندەیی چوار ساڵ لەمەوبەرییەوە پێیان گوتووە بڕۆ دەرەوە، کوێرێکی وەك تۆ لەولاتەکەی ئێمە جێی نابێتەوە. نە ئەوەتا ئێستا گوێی لێدەگیرێت و بۆچی سەری خۆیی هەڵگرتووە. ئەم لاوە پاش چوار ساڵ زۆرتر مانەوەی لەو ئۆردوگایەدا نامەیەك لە وەزارەتی "داد"ی ئەو ولاتە ئەوروپییەوە، وەردەگرێت و لێی نووسراوە "ببوورە بۆمان دەرکەوت کە بەڕێزتان لەولاتەکەی ئێمەدا مافی پەناهاندەییت نییەو تکایە لەماوەی دوو هەفتەدا ئەم ولاتە بەجێبهێڵە". بەخوێندنەوەی ئەم نامەیە لاوەکە هەموو رووداوەکانی تەمەنی دەساڵیی شاری هەڵەبجەی دێتەوە یادو دێتەسەر ئەو باوەڕەی یەکێك لەکارگەکانی دروستکردنی چەکی کیمیاوی بتەقێنێتەوە، ئەو کارگەیە هەمان ئەو کارگەیەیە کە بۆمباکانی گازی خەردەل و سیانیدی هەڵەبجەی دروستکرد. دوای ئەنجامدانی تەقاندنەوەی ئەو کارگەیە لاوەکە دەستگیردەکرێت.

بەو تەقینەوەیەی کە من لەئەندێشەی ئەم بەراوردەمدا دروستم کردووە هەموو جیهان دەخرۆشێت و ئەم کارەی دەکرێتە گەورەترین کاری تیرۆریستی. چونکە کارمەندانی "بێوەی"ی کارگەکە هەموو دەمرن، کارگەکە خاپوور دەبێت، بەهۆی بلاوبوونەوەی گازی کیمیاویی و بایۆلۆژییەوە، خەڵکانێکی زۆری تری ناوچەکانی دەوروبەری کارگەکە دەمرن.

هەڵبەت رەفتاری ئەو لاوە بەدڵنیاییەوە کارێکی تیرۆریستی و دژ بەمرۆڤایەتییە. بەلام هەرگیز لەوەی هەڵەبجە ناخۆشتر نییە. بۆ لەوەی هەڵەبجەدا کەس نەیەتە دەنگ و "ئەدوارد شیڤەرنادزێ"ی وەزیری

سۆڤیەت بڵێت "بەهیچ جۆرێك كاری واهی نەبووەو ڕوونەداوە"!!..و ڕۆژنامەی پراڤداش نكووڵیی لەڕوودانی ئەم هێرشە كرد. بۆ سەرئەنجامی تەقینەوەی ئەو كارگە دژبە مرۆڤایەتییە بەو شێوەیە هەڵبسەنگێنرێت؟!..

ئەمە.. ئەمە نادادپەروەرییە.. ئەمە خۆرئاوایستییەكی دژ بەمرۆڤایەتییە.. ئەمە نازانم بڵێم چییە..

من كارێكی وەك ئەوەی ئەو لاوەم لەدەست نایەت، بەڵام كارەساتی هەڵەبجەم هەرگیز بیرناچێتەوەو وێنەكەی عومەری خاوەریش هەردەم لەئەندێشەمدا دەمێنێتەوە..

## بەراووردی چوارەم:

ئەوەندەی لەوڵاتە خۆرئاواییەكاندا باسی پاراستنی ئاژەڵ دەكرێت!، لە هیچ شوێنێكی تری ئەم دنیایەدا باسوخواسێكی واهی نییە.

لە دیدی خۆرئاواییدا ئاژەڵ پارێزراوەو سەدان ڕێكخراویش كار بۆ ئەم پارێزگارییە دەكات. بەتایبەتی ئەو ئاژەڵانەی كە بۆ دان و پێستەكانیان لەناودەبرێن. تەنانەت "ڕێكخراوی دژی فەرۆ"ش هەیە. ئەوانە هەموویان پرنسیپی جوانن، من باوەڕی تەواوم پێیان هەیەو ئاژەڵ، بەتایبەتی ئەوانەی ترسی دوابڕانیان هەیە دەبێت بپارێزرێن.

میدیای خۆرئاوایی ئەم كێشەیە بۆ بەرژەوەندیی مینتاڵیتیی خۆرئاوا بەكاردێنێت. لەوانەیە تائێستا هەزاران ڕاپۆرتنامەیان لەسەر جۆری ڕاوكردن و بازرگانیكردن بەو دان و پێستانەوە دروستكردبێت. ئەم میدیایە دەیەوێت بەئێمە بڵێت كە خەڵكی ئەفریقی بەگشتی ئاژەڵ ناپارێزن و دەیانكوژن و هەندێك ئاژەڵ دوابڕاو دەكەن.. بەڵام بە ئێمە ناڵێن كە ئەو دان و پێستانە بۆ كوێ دەچن و بەكێ دەفرۆشرێن؟!...

دیارە ئەمە وەڵامی ناوێت، چونكە زۆرتر لە ٩٠٪ی ئەو دان و پێستانە لەبازاڕە ڕەش و سپییەكانی خۆرئاوادا دەفرۆشرێن و هەر خۆیان پەیكەرو جێپەنجەی پیانۆو پاڵتۆو كڵاوو ملپێچی لێدروست دەكەن و بەكاریدێنن؟!.. هەر خۆیان بەدرێژایی چەندین سەدەیە هەموو ئەفریقایان

کۆلۆنیکردووەو راوکردنیـان کردووەتـە هۆبییـەکی زۆر خـۆش و ئاسـایی. هەر دەوڵەمەندو ئەندامانی خێزانە شاهانەییەکانی ئەمانە کە بۆ خۆشیو ڕاوکـردن دەچنـە ئـەفریقاو هێنـدەی ئـەندامانی بنەماڵـە شـاهانەییەکانی خۆرئـاوا خـەریکی راوکـردن بـوون و ئـەو جـۆرە ئاژەڵانـەیان بـۆ خۆشـیو کاتبەسـەربردنی خۆیـان راوکـردووە!، ئـەوەندە شـێرو پڵنگـەکانی ئـەو ئەفریقایە راوی ئاسکییان نەکردووە!. لەوانەیە بە (دە) شێر رۆژانە دوو تا سێ نێچیر راوبکەن و تێری لێبخۆن و پاشان لەژێر دارێکدا پشوو دەدەن و پێویستییان بەڕاوکردن نـامێنێت، بـەڵام زۆر ئاسـاییە دەوڵەمـەندێك یـان ئەندامێکی خێزانێکی شاهانەی خۆرئاوایی بە یەك کـاژێرو بـۆ خۆشـیو تاقیکردنەوەی تفەنگە نوێیەکەی یان نیشاندانی کارامەییو دەستڕاستیی لەڕاوکردندا!، دەیان ئاسك بکوژێت؟!..

هـەر ئەمانیشـن بـۆ شـاردنەوەی کـارە دزێوەکـانی خۆیـان بـەو میدیـا درۆزنـەیان داوای مـافی پاراسـتنی ئـاژەڵ دەکـەن. ئـەم میدیایـە خـەڵکانی ئەفریقی زۆر بە دواکەوتوو و بێبەزەیی پیشـاندەدات لـەکاتێکدا کـە راوی نێچـیرێك دەکـەن بـۆ کڕیـارێکی خۆرئـاوایی! بـەڵام بـەو شـێوەیە بـاس لەدەوڵەمەندان و ئەندامانی خێزانە شاهانەییەکان ناکات.. ئەو ئەفریقییانە ئەگەر بەهۆی دزینی بەرهەمی وڵاتەکەیان و داگیرکردن و بەکۆیلـەکردنیان لەلایـەن خۆرئاواییەکانەوە نـەبێت، چ کارێکیان بەکوشتنی فیلێك هەیە بۆ شفرەکەی.. ئەمە نادادپەروەرییە.. نادادپەروەریش واتە تیرۆر..

هەر لێرەوە دەمەوێت بچمە نێو بەراوردێکی هاوتـای تـرەوە کە ئـەویش تایبەتە بە نادادپەروەریی میدیای خۆرئاوایی.

هەریـــەك لـــە ئێمـــە باســـێکمان لەســـەر فیلمـــی خراپـــی منـــداڵان خوێندووەتەوە. زۆربـەی ئەو باسانە دەربـارەی سێکسـی تەمـەن گەورەیـە لەگەڵ منداڵانی ٦ ساڵ و بەرەوژووردا. ئەم باس و راپۆرتنامانـە ئـەوەندە ناخۆشن کە مووی پێستی مرۆڤ راستدەکەنەوە. میدیای خۆرئاوایی زۆر خـەمی ئـەم کێشـەیەیەتی و زۆر جـاریش وڵاتـەکانی تـایلاند، فیلیپـین و

هندستان و زۆریتر بەنموونە دێنێتەوە کە چۆن لەم وڵاتانەدا منداڵ لەدوای ١٠ ساڵییەوە دەبێتە سۆزانی. دیارە ئەمە کارەساتە، کارەساتێکی زۆر خراپیشەو گەشەی منداڵی پێ تێکدەچێت و ئەو کۆمەڵگانەشی پێ بێ شیرازە دەبێت. کارێکی باشیشە کە میدیای خۆرئاوایی گرنگییەکی زۆر (بەڵام بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت) دەدات بەم کێشەیە. بەڵام ئەوەی کە باش نییەو ئەم میدیایە گرنگیی پێنادات!، هۆی برسیبوونی ئەم وڵاتانەیە کە باوك و دایکێکی فیلیپینی وا لێدەکات کچە دەساڵانەکەیان بخەنە ئەو داوە ترسناکەوە.

ئەوەشی کە هەر زۆر نادادپەروەرانەیەو میدیای خۆرئاوایی زۆر بەکەمی ئەگەر باسی بکات. خراپکردنی ئەو منداڵانەیە لەلایەن خودی پیاوانی خۆرئاواییەوە. چونکە زۆرترینی ئەو پیاوانەی کە سێکس لەگەڵ ئەو منداڵانەدا دەکەن خەڵکی خۆرئاوان و ئەمانە بەئارەزووی خۆیان دەتوانن گەشت بۆ ئەو وڵاتانە بکەن و بەئاسانی ڤیزا وەردەگرن یان هەر نایانەوێت. بەڵام کەسێکی ئەو وڵاتانە رووبکاتە خۆرئاوا دەبێت چەند رۆژێك لەڕیزە یەك کیلۆمەترییەکاندا بۆ ڤیزا بوەستێت، ئنجا بەختێکی کەمی هەیە وەریبگرێت!.

میدیای خۆرئاوایی زۆر جار کامێرای ئاشکراو شاردراوە دەباتە ئەو ناوچانەوەو وێنەی ئەو منداڵانە دەگرێت و پیشانی خۆرئاواییەکانی دەدات، بەڵام ئەوەی نایەوێت بیگرێت یان پیشانی نادات ئەو پیاوە خۆرئاواییە نەخۆشە بێڕەوشتانەیە کە بەپارەیەکی کەم ئەو منداڵانەی کە ناگەنە ناوقەدیان و لەمنداڵە خۆشبەختەکانی خۆیان بەتەمەن بچووکترن، دەبەنە ژوورێکەوەو. . .

ئەمانە تیایاندایە کردوویانەتە خوویەکی ساڵانەو بەتایبەت دەچن بۆ ئەو وڵاتانە بۆ ئەم کارە تیرۆریستانەیە، خراپکردنی یەك منداڵی برسیی ئەو وڵاتانە لەلایەن یەکێك لەو تیرۆریستانەوە، تیرۆرێکەو هەزار جار بەرامبەر بە دارمانی تویننگ تاوەر دەوەستێتەوە. بەڵام بەداخەوە

**گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت و یەك بۆ ملیۆنی ئەوەی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ باس نەکراوەو ناکرێت.**

**ئەمە تیرۆرە.. ئەمە نادادپەروەرییە.. ئەمە هەموو شتێکی ناشرینە.. ئەمە بەداخەوە ناتوانم وشەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزمەوە. . .**

## بەراووردی هەزارەم:

**ئەم بەراووردەم ناونا "هەزارەم". چونکە ئەگەر چەند رۆژێك بۆی دابنیشم ئەوا دەتوانم لەژمارە پێنجەوە تا هەزار بەراووردی نادادپەروەریی کارو کردەوەکان و هەڵوێستی نادادپەروەرانەی خۆرئاواو زلهێزان بکەم.**

**لە بەراووردی هەزارەمدا دەمەوێت ئاماژە بۆ هندە سوورەکانی ئامریکاو دانیشتووی رەسەنی ئۆسترالیاو باشووری ئەفریقاو قولەڕەشە ئەفریقییە بەکۆیلەبووی خۆرئاواییەکان بکەم.**

**چەند سەد ساڵێك لەمەوبەر هەردوو کیشوەری باکووری ئامریکاو ئۆسترالیا بەو جۆرە نەبوون. دانیشتووانی رەسەنی خۆیان هەبوو. خەڵکی خۆرئاوا وازیان لێنەهێنان و وڵاتەکانیان بەزۆر لێداگیرکردن.. لێیانکوشتن، ئەمە تیرۆر نەبوو، زمان و کلتوورو هێمنیی ژیانیان لێتێکدان، ئەمە تیرۆر نەبوو!و زۆریتر..**

**پاداشتی زلهێزێکی وەك ئامریکا بۆ هندە سوورەکان ئەوەیە، جەنگاویترین و خوێنڕێژترین و تیرۆریستترین هەلیکۆپتەری بەناوی یەکێك لەتیرەکانی ئەم هندە سوورانەوە ناوناوە!..**

**باشووری ئەفریقا هەمووی رەش پێست بوو و ئێستا جۆرێکی ترەو گەر کردەوە دژ بەمرۆییەکانی خۆرئاوایی لەباشووری ئەفریقادا بخرێتە سەر کاغەز، ئەوا باوەڕناکەم کۆتایی ببێت.**

**ئەفریقا[٨] بەدرێژایی چەندین سەدە ببووە جێ بازرگانیی کۆیلەکانی**

---

(٨) لێرەدا بیرم لە وشەی ئاپارتهایدی هۆڵەندی کردەوە، پرسیارەکەم ئەوەیە "ئەم وشەیە بۆچی هۆڵەندییەو بۆ نموونە کوردی نییە؟"

خۆرئاوا. ئەم داماوانە بەزۆر سواری کەشتی دەکران و دەبران بۆ ئامریکا، تەنانەت سەوڵی کەشتییەکانیشیان لەئەفریقاوە بۆ ئامریکا بەخۆیان لێدەدا! تاوەکو لەوێ بەزۆرو بەبێ بەرامبەر کار بۆ کەسێکی قژ زەردو چاوشین بکەن. گەر ناڕەزاییەکیشیان بکردایە ئەوا لێدان و زیندانیکردن و کوشتن چاوەڕوانیان بوو.

ئەمانە هیچیان تیرۆر نەبوون. بەڵام رەشپێستێك داوای مافی خۆی بکات لێی دەدرێت، زیندانی دەکرێت و دەکوژرێت. بڕواننە گەلانی ئامریکا، بەبەراوردێکی خەڵکی خۆرئاوایی و رەشپێستە باوان کۆیلەکانی ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت کە چەند کۆمەڵگەیەکی نادادپەروەرە، زۆربەی ئەو ناوچانەی کە رەشپێست تێیدا دەژی دواکەوتووە، برسییە، تاوانی تێدایە.. ئەمە بۆ؟!..

خۆسپیکردنەوەی گۆرانیبێژی بەناوبانگی رەشی ئامریکایی مایکڵ جاکسن لەوانەیە بەهۆی ئەو نادادپەروەرییانەوە بووبێت!.

میدیای خۆرئاواییش بۆ خۆڵکردنە چاومان لەهەر رێکلامەیەکدا منداڵێك یان کەسێکی گەنم رەنگ یان رەش تێکەڵی باسەکانیان دەکەن! گوایا وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن کۆمەڵگەکانیان "مەڵتی کەڵچەر-فرە کولتوور"ە؟!..

بەبەراووردی هەزارەم کۆتایی بەکورتەی بەراووردەکانم دێنم و خەریکی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی خوارەوە دەبم.

# کێ راستەو ئەم کارەساتانە بۆ روودەدەن؟

مێژوو ئەو گیانە زیندووەیە کە هەمیشە لە کارلێککردن و هەڵچوون و داچووندایە، ئەم هەڵچوون و داچوونە، سەردەمێك لە بەرژەوەندی و خۆشبەختیی نەتەوەیەکەو سەردەمێکیش مایەی بێبەختی و کارەساتە بۆ هەمان نەتەوە. لەمێژوودا ئەو نەتەوەیە بەگشتی دەیباتەوە یان بۆ ماوەیەکی زۆر خۆشبەخت دەژی، کە زۆر نەبووبێتە مایەی چارەڕەشیی نەتەوەکانی تر.

دیارە ئەم هاوکێشەیە بەسەر ئینگلیزەکاندا ناچەسپێت، ئەمانە هەردەم هۆکاری هەر ناخۆشییەك و کارەساتێك بوون کە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەسەر جیهانی سێیەم و داگیرگەکانیاندا هاتبێت.. بەڵام خۆیان تاوەکو ئێستا خۆشبەخت و دوورن لەکێشەوەو هەر کە دەمیش دەکەنەوە باسی مافی مرۆڤ و پاراستنی ئاژەڵ و دیموکراسی و سەربەستی دەکەن؟!.. .

دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر لەسەردەمی نابوخودنوسووری سەرکردەی بەناوبانگی بابلییەکاندا بەهەزارانماڵوێرانی و بێبەختی و کارەسات روویکردە ئەو وڵاتەی کە ئێستا پێی دەڵێن ئیسرائیل و جەنگاوەرەکانی بابل بەهەزاران دیلیان لە ئۆرشەلیمەوە هێنایە شاری بابل و جوولەکەکان هەرچی هەیانبوو و نەیانبوو لەلایەن بابلییەکانەوە بەتاڵانی برا.

ئەوکاتە سەردەمی بەرژەوەندی و خۆشبەختی بوو بۆ بابلییەکان. بەرامبەر ئەمەش سەردەمی چارەڕەشییەکی مێژوویی بوو بۆ جوولەکە.

دیارە بەختەوەریی بابلییەکان و باخچە هەڵواسراوەکانیشیان تاسەر نەبوو و ئەمانە لەلایەن ئاکادییەکانەوە تەخت و تاراجیان هێنرایە خوارەوەو ئەوەی پێیانکرا، لەوە کەمتر نەبوو کە خوودی بابلییەکان بەجوولەکەکانیان کرد.

چواردە سەدە لەمەوبەر کاتێك عەرەبەکانی هاوڕەگەزی بابلییەکان بەهۆی محەمەدی پێغەمبەری موسڵمانان و ئایینی ئیسلامەوە لەهیچەوە

بوونە دەستەڵات! دیسانەوە کەوتنەوە گیانی جوولەکەکان، ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن، کچەکانیان خراپکردن، بازرگانییەکانیان داگیرکردن، قەڵای خەیبەری بەناوبانگی شاری مەدینە کە لەسەدا سەد هی جوولەکە بوو، ڕووخاندیانو چیی تیابوو تاڵانیانکردو دوابەیەکیان کوشتن. بەنی قورەیزە کە بەناوبانگترینو گەورەترینی تیرەکانی جوولەکە بوو لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، دوابەیەکیان کوژران بەمنداڵە ساواکانیشیانەوە.

ئەوکات سەردەمی خۆشبەختیو سەرفرازی بوو بۆ عەرەبەکانو بۆ جوولەکەش ئەوپەڕیماڵوێرانی.

پاش ١٤٠٠ ساڵ! کاتێك دەوڵەتی جوولەکە لەساڵی ١٩٤٨دا دامەزرا، مێژووی ١٤٠٠ ساڵ بەر لەئێستا دیسانەوە دووبارە بووەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەپێچەوانەوە! جوولەکەو دەوڵەتی ئیسرائیل بوونە مۆرانەو چوونە گیانی عەرەبەوە. بەڕادەیەك ڕێچکەی ژیان، بەرژەوەندیی نەتەوەیی، ئاسایشی نەتەوەیی، سامانی نەتەوەیی، سنووری نەتەوەییو. . . هتد ییان گۆڕدراو هەردەم لەمەترسیدایە. بەشێوەیەکی وا بەدەست دەوڵەتی ئیسرائیلەوە تووش بوون! نەدەتوانن تاسەر لەگەڵیدا لەجەنگدابن! نەدەشتوانن بەئاشتیو پێکەوە بیگوزەرێنن.

لەجەنگی جیهانیی دووەمدا ئەڵمانە نازییەکان بەهەموو شێوەیەكو بەهەموو هێزێکیانەوە کەوتنە لەنابردنی جوولەکە. ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن، لێیانکردن بەسابوون، سووکایەتییەکی زۆریانپێکردن. چیرۆکی ژیانی هەندێك لەم جوولەکانە کراونەتە هەزاران ڕۆمانو چیرۆكو فیلمو شانۆگەریو هتد. سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، سەردەمی ماڵوێرانیو کارەساتی زۆر ناخۆش بوون بۆ جوولەکە. بەرامبەر ئەمەش سەردەمی هێزو دەستەڵاتو سەرکەوتنو داگیرکاریی سەربازی بوو لەسەرەتادا بۆ ئەڵمانییەکان.

لەدەمەدەمی تەواوبوونی جەنگدا، چونکە ئەڵمانییەکان بێهێز بووبوون، کارەساتو ناخۆشی لەسەر جوولەکەکان کەمبووبوونەوەو ئەمجارەیان

خۆشبەختانە دۆڕان، کارەسات و بەدبەختی ڕوویکردە ئەڵمانەکان. وڵاتێکی ڕووخاو، ئابوورییەکی تەپیوو، برسێتی، دابەشکردنی ئەڵمانیا بە پایتەختەکەشییەوە، کەرتبوونی ماڵی ئاڵمانی، پابەندکردنی ئەو بەشەی ئەڵمانیای خۆرئاوا بەدەیان کۆت و مەرجی نێودەوڵەتییەوە. سەرباری داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن رووس و لەشکرە هاوبەشەکانی خۆرئاواوە.

ئەڵمانەکان لەسەردەمی هێزو دەستەڵاتیاندا ئافرەتە جوولەکەکانیان وەك كەنیزەك بەکاردەهێنا. بەڵام لەکاتی دۆڕانی جەنگەکەدا تەنها سەربازانی رووس سەد هەزار ئافرەتی ئەڵمانییان بەزۆر خراپکرد!.

ئەو سێ نموونەیەی سەرەوە، هەرسێکیان یەکی تاڕادەیەك هەزار ساڵیان نێوانە. هەرسێکیان لەدژی جوولەکەدا بەئەنجام گەیەندراوەو بووە هۆی چەندین کارەساتی مێژوویی بۆ جوولەکەکان و بەهیچ جۆرێك نەك لەبیری جوولەکە، بەڵکو لەبیری مێژوو و مرۆڤایەتی ناچنەوە.

مێژوو لەهەرسێ رووداوەکەدا کاری خۆیی کرد..

کەواتە مێژوو هیچی لێ وننابێت! هەرچی رووداوی ناخۆش، کارەسات و ماڵوێرانی و پێچەوانەکانیان کە بەسەر گەلانی سەرزەمیندا دێت، کۆمەڵە کارو کاردانەوەیەکی زنجیرە ئاسایە.

هەر بەو شێوەیە هۆکاری رووخانی ئیمپراتۆری ئاشوورییەکان و کاولکردنی شاری نەینەوا لەلایەن مادەکانەوە لە ٦١٢ی پێش زاییندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو نەهامەتی و ماڵوێرانییانەی کە خودی ئاشوورییەکان لەپێناوی خۆشبەختیی خۆیاندا بەسەر کوردستانییەکانیاندا هێنا.

بیرتان نەچێت چەند ساڵێك پاش گرتنی قەڵای خەیبەری جوولەکەو قەتڵوعامی جوولەکەکان، عەرەبەکان بەهەمان شێوە کەوتنەوە قەتڵوعامێکی تر. بەڵام ئەمجارەیان لەدژی کورد. وڵاتەکەیان داگیرکردن، پەرستگاکانیان رووخاندن، ئاگرە پیرۆزەکانیان کوژاندنەوە، هەرچی هەیانبوو و نەیانبوو تاڵانیان کرد. کچە کوردە گەنجەکانیان بەدیل برد بۆ دوورگەکەیان و بەزۆر کردیانن بە کەنیزەك.

ئەو بارودۆخەی کە ئێستا عەرەبەکان بەدەست جوولەکەوە تێی کەوتوون، هەر بەهۆی جوولەکەوە نییە، بەڵکو بەهۆی کوردیشەوەیە. . .

مێژووی مرۆڤایەتی چەندین ئایینی ئاسمانیو نائاسمانیی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمانە لەسەردەمێکی مێژووییو بگرە هەندێکیشیان تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی پەیڕەوکارین، لەوانە ئایینەکانی جوولەکە، فەلە، ئیسلام، بووداییو زەردەشتیو هتد.

زۆربەی زۆری ئەم ئایینانە بەگوتەی خۆیان لەسەر بنەما رەوشتییەکان دامەزراون. یەکێك لەگرنگترین پرنسیپەکانیان بەگشتی، خۆشگوزەرانیی مرۆڤو هێنانەکایەی ژیانێکی یەکسانە بۆ مرۆڤایەتی یان بۆ ئەو نەتەوانەی کە پەیڕەوکاری ئەم ئایینەن.

کەواتە ئایین دەبێت دژی تیرۆر بێت.

بەچاوپێداخشاندنێکی خێرای مێژووی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو تێبینیی ئەوە دەکەین کە زۆربەی ئەو جەنگانەی لەمێژوودا روویداوە بەهۆی ئایینەوە بووە. بۆ نموونە پادشاکانی سۆمەر بۆ ئەوەی خوداوەند لێیان رازیبێت، کەوتوونەتە داگیرکاریی وڵاتانی دراوسێیانو لەداگیرگەکانیاندا پەیکەری خوداوەندەکانی خۆیانیان چەسپاندووە. ئەو نموونەیەی سەرەوە دەتوانین بۆ مێژووی نەتەوەکانی وەك میتانی، بابل، ئەکاد، ئاشووری، میسرییە کۆنەکانو یۆنانییە کۆنەکانیش بەکاربهێنین.

جوولەکە، فەلەو ئیسلامەکانیش بۆ بڵاوکردنەوەی یان بەرگری لە ئایینەکانی خۆیان هەزاران جەنگی خوێناوییان لەدژی یەکدی پیادە کردووە!..

هێندەی ئەم ئایینانە خەریکی خوێنڕشتن بوون، نیوئەوەندە نەبوونەتە هۆی بەختیاریو یەکسانیی مرۆڤ بەگشتی. ئەمە کەس ناتوانێت بڵێت وانییە!، چونکە مرۆڤایەتی هەزاران نموونەی ئەو جەنگە خوێناوییانەی تۆمار کردووە. تائێستاش ئایینەکانی جوو و ئیسلام بەردەوامن لەسەر ئەو جەنگو بەرگرییە.

لەم چەند سەدەیەی دوواییدا شانبەشانی جەنگی ئایینی، جەنگی ئابووریش لەئارادایە. بەڕادەیەك ئێستا ئەم جەنگی ئابووری‌و دەستەڵاتگرتنە دەستە، بۆڕی جەنگە ئایینییەکانی داوەتەوە. جەنگەکانی جیهانیی یەکەم‌و دووەم‌و هەردوو جەنگی کەنداو، چوار نموونەی بەرچاوی سەدەی بیستەمن. کە تاوەکو ئێستاش شوێنەواری خراپیان بەسەر مرۆڤایەتییەوە ماوە.

جەنگی ئابووری هەردەم لەلایەن زلهێزەکانی جیهانەوە پیادەکراوەو دەکرێت. لەهەندێك باردا ئەم جەنگە دەبێتە هۆی تێکشکانی زلهێزێك یان زۆرتری ئەم دنیایە، وەك ئەوەی لەجەنگی جیهانیی یەکەم‌و دووەمدا روویدا. بەڵام بەگشتی‌و لە زۆربەی بارەکاندا ئەم جەنگە لەلایەن زلهێزانی جیهانەوە دەبرێتەوەو دەبێتە هۆی وەدەستهێنانی دەستکەوتێکی ئابووری‌و دەستەڵاتێکی زۆر لەجیهاندا. نموونەی ئەمەش جەنگی کەنداوی دووەمە ١٩٩٠-١٩٩١.

بەدرێژایی ساڵانی جەنگی سارد ئەم جەنگە کەم تازۆر لە بەرژەوەندیی هەردوو بلۆکی خۆرئاواو خۆرهەڵاتدا بووە. بەنەمانی جەنگی ساردو لاوازبوونی بلۆکی خۆرهەڵات، ئەم جەنگی بەرژەوەندییە بووە موڵکی بلۆکی خۆرئاوای بەهێز کە ئامریکا رابەرایەتیی دەکات.

ئەمانە، بەتایبەتی ئامریکا ئێستا بەئارەزوو و ویستی بەرژەوەندی‌و دەستەڵات‌و ستراتیژی نەتەوەییان جیهان بەڕێوەدەبەن. بۆ هەموو هەنگاوێکیشیان بەهانەیەکی رەوایەتی دێننەوە، هەر هیچ نەبێت لەلایەن رێکخراوی حکومەتە یەکگرتووەکانەوە کە خۆیان پێی دەڵێن "نەتەوە" یەکگرتووەکان!و دەستنێژی خۆیانەو بۆ خۆیانە، بڕیارێك دەردەکەن، تاوەکو دەمکووتی هەر کەسێك‌و لایەنێك بکەن لەکاتی ناڕەزاییداو زۆر بەئاسانی دەڵێن ئەمە بڕیاری رێکخراوی "نەتەوە" یەکگرتووەکانەو دەبێت جێبەجێ بکرێت. دیارە زۆرینەی بڕیارەکانی هەردوو کۆمەڵەی "گەلان"و "نەتەوە" یەکگرتووەکان هەر لەخزمەت‌و بەرژەوەندیی زلهێزاندا بووە.

دەشێت، بڕیارێك لەبەرژەوەندیی نەتەوەیەکی بندەستی وەك کورد دەرابێت، بەڵام ئەو بڕیارە یان هەر باس نەکراوەو پیادە نەکراوە یان بەنیوەو ناچڵ کەمێکی لێ پیادەکراوە.

زلهێزانی ئەم جیهانە هەر لەدوای سەدەی ڕێنیسانسەوە بوونە خاوەن ئابوورییەکی بەهێز، تەواوی زانستەکانی تەکنەلۆژیایان بۆ خۆیان مۆنۆپۆڵ کرد. بۆ پێشکەوتنی ئەم زانستانەو بەهێزبوونیان وڵاتانی جیهانی سێیەمیان ژێردەستەکردو پاشان وەك مانگا دایاندۆشین. ئەم دادۆشینە تاوەکو ئێستێش هەر بەردەوامە.

پاش نەمانی هەنگامی کۆڵۆنی، زلهێزان بەئارەزوو و بەرژەوەندیی خۆیان سنووری رامیاریی جیهانیان داڕشت و بۆ هەریەکێك لەو وڵاتانە سنوورێکی دەستکردیان دانا. ئەو وڵاتانەیان بەشێوەیەکی وا بەجێهێشت، بەهیچ جۆرێك نەکەونە سەرپێی خۆیان، هەمیشە پێویستییان بەزلهێزان ببێت، تاوەکو سەرمایە لەوڵاتەکانیاندا کۆنەبێتەوە، سنووری رامیاریی ئەو وڵاتانەشیان واداڕشتووە، تاوەکو هەمیشە لەگەڵ یەکدیدا لەجەنگ و ئاژاوەدابن. نموونەی سنووری رامیاریی ئەو وڵاتانەش ئێراق، ئێران، تورکیاو سووریایە کە کوردستانیان لەنێواندا دابەشکراوە، ئەم وڵاتانە بەهیچ جۆرێك بەئاسوودەیی نەژیاون و ناژین تاوەکو کوردستانیان لێ جیانەکرێتەوە.. هەروەها سنووری نێوان هندستان و پاکستان و ئاژاوە هەمیشەییەکەیان لەسەر هەرێمی کشمیر نموونەیەکی زیندوو و بەرچاوی ترە..

دانانی ئەو سنوورانەش لەبەر دوو هۆیە: یەکەمیان بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە لەدژی زلهێزان بەرەیەکی هاوبەش پێك نەهێنن. دووەمیان ئەو جەنگ و ململانێیەی نێوان وڵاتانی جیهانی سێیەم پێویستی بەخۆچەکدارکردنە. کڕینی چەکیش هەرلای زلهێزانەوەیە. هۆی دووەمیان چەند سوودێکی گەورەی بۆ زلهێزان هەیە: یەکەمیان سەرمایەی وڵاتانی سێیەم بۆ پێشکەوتنی ئەم وڵاتانە بەکارنایەت، چونکە هەمووی دەدرێت بەزلهێزان بۆ کڕینی چەك. دووەمیان لەبەرئەوەی ئەو سەرمایەیە بۆ

دامەزراندنی ژێرخانێکی ئابووریی باش بەکارناهێنرێت! ناچار ئەم وڵاتانە پێویستییە ئاساییەکانی تری خۆیان لای زلهێزان وەدەست دەهێنن. واتە لەهەموو بارەکاندا بەسوودی زلهێزانو زیانی زۆری وڵاتانی کەمهێز دەشکێتەوە.

راستینەی ئەم ڕووداوانەی سەرەوە لای تەواوی دەوڵەتانی جیهان ئاشکرایە. بەڵام نەبوونی یان کەمیی ناڕەزایی لەلایەن وڵاتە کەمهێزەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وڵاتانی کەمهێز لەلایەن زلهێزانەوە دروستکراونو بەردەوامییان پێدەدرێتو بەڵێنی ملکەچیو بێدەنگیی تەواویشیان لێوەرگیراوە. ئەگەرنا ئەوا لەلایەن زلهێزانەوە تاوانی تیرۆریان دەدرێتە پاڵو گەمارۆی ئابوورییان دەخرێتە سەرو هەموو دەرگایەکی جیهانی دەرەوەی لەڕوودا دادەخەن. ئەگەر ئەو دەوڵەتە کەمهێزە هەر بەردەوام بێت لەسەر سەرکەشیو دژایەتیی زلهێزان! ئەوا زۆر ئاساییە لەماوەی شەوو رۆژێکدا سەروژێربکرێتو هەر خۆشیان حکومەتێکی نوێی ملکەچی بۆ دابمەزرێننو سەرۆکی سەرکەشیش راپێچی دادگایەکی نێودەوڵەتی بکەن. هەموومان بینیمان چۆن ئامریکا تەختو تاراجی حکومەتی پەنامای هێنایە خوارەوە، چونکە ئەم حکومەتە لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئامریکا رەفتاری دەکرد..

هێنانەوەی نموونە بۆ ئەو ڕووداوەی سەرەوە پێویست نییە، چونکە ئەمڕۆ هەر وڵاتێك دژی خۆرئاوا بەگشتیو ئامریکا بەتایبەتی بوەستێتەوە، ئەوا لەیەکەم هەنگاودا گەمارۆی ئابووری دەخرێتە سەر، ئەگەر هەر سوودی نەبوو ئەوا هێرشی سەربازیو دامەزراندنی حکومەتێکی نوێی ملکەچ.

کەواتە زۆرینەی وڵاتە کەمهێزەکان دەستنێژو دروستکراوی زلهێزانن، هەر بۆیە دەنگی ناڕەزایی کەمهێزان نابیسترێت.

دەنگی ناڕەزایی لەناو گەلانی خودی زلهێزاندا زۆر لاوازە، تێڕامێنن بەدرێژایی ئەو ساڵانەی تیرۆرەکانی ئامریکا لە ڤێتنام هیچ دەنگێکی ناڕەزایی ئەوتۆ لەناو ئامریکاییەکاندا نەبیسترا، تەنیا خوێنی رۆژانە رژاوی رۆڵە سەربازە داگیرکەرەکانیان لەڤێتنام دواتر ئەمریکییەکانی هێنایە سەر جادە نەك خوێنی سەدان هەزار ڤێتنامی بندەست. پێش هێرشی ئامریکا بۆ

سەر ئەفغانستان ٩٠٪ی ئامریکییەکان ئەم هێرشەیان پێباش بوو. کەواتە شەڕخوازی بەپلەی یەکەم لەناو گەلانی زلهێزاندایەو هەمیشە ترسێك بووە بۆ ناجێگیریی ئاساییشی مرۆڤایەتی. ئەم شەڕخوازییەش بەپلەی یەکەم لەجیهاندا لەناو ئامریکییەکاندایە، چونکە کۆمەڵگەیەکی تاڕادەیەك نەخوێندەوارن[٩] و پاشان لەبەرئەوەی هەمیشە گۆڕەپانی جەنگ لەخۆیانەوە دوور بووە، نازانن سەرئەنجامی شەڕ چەند ناخۆش، دزێو،ماڵوێرانکەرو کوژەرە.. هەر بۆیە ئامریکا لەوەتەی هەیە هەر هێرش بەر بووەو وێرانکەر بووەو هیچ هێرشێکی نەکراوەتە سەر جگە لەوەی ١١ی سێپتێمبەر.

کۆمەڵگەی ئامریکیش کۆمەڵگەیەکە کە بەشەڕو زۆرداری دروستبووەو ئەم شەڕخوازییەش بووەتە مینتاڵیتییان.

هۆیەکی تری ئەم هەستی شەڕخوازییەش ئەوەیە کە ئامریکا بەپارتە رامیارییەکان و پەرلەمان و حکومەتیشەوە لەلایەن کۆمپانیا ئامریکاییەکانەوە ئاڕاستەو بەڕێوەدەبرێت و ئەمانیش هەردەم لەبەرژەوەندیاندایە ئامریکا هێرش بەربێت و جەنگ بەردەوام بێت، ئەگەرنا ئەی چۆن ئەو چەکانەی بەرهەمی دێنن بفرۆشرێت و ئەو جێگایانەی کە چەکەکانیان وێرانی دەکات کۆمپانیاکانی تریان چاکی بکاتەوە. واتە بەدوولا مەست و حەیرانن!..

ئەم لووتکەی شەڕخوازییە گەیشتە ڕادەیەکی وا کە کەسێکی وەك جۆرج بوش بەئاشکراو بەڕاشکاوی بڵێت "لەگەڵمانیت باشە، لەگەڵمان نیت ئەوا لەگەڵ تیرۆریت"! واتە دوژمنمانیت و دژایەتیت دەکەین، شەڕت دەکەین. ئەمە بووە نەریتی رامیاریی ئامریکا هەر لەرۆژی ٢٠٠١/٩/١١ەوە و (کۆلن پاول)ی وەزیری دەرەوەی ئامریکاش رۆژی ٢٠٠١/٩/١٢ هەموو باڵوێزی وڵاتە عەرەبییەکانی کۆکردەوەو بەڕاشکاوی پێی ڕاگەیاندن کە ئەگەر لەگەڵ ئامریکا نەبن ئەوا دوژمنی ئامریکان.

---

(٩) نەخوێندەوار، مەبەستم ئەوەیە کە ناخوێننەوەو ئاگایان لەدەوروبەری خۆیان نییە. تێڕامێنن لەسەد ئامریکی یەك کەسیان دەخوێنێتەوە!

ناڕەزایی بەرامبەر زلهێزان لەپلەی یەکەمدا لەتاکەکانی وڵاتانی ژێردەستەو کەمهێزاندا خۆیدەنوێنێت. ئەمانە هیچ دەستەڵاتێکیان نییەو زۆرینەیان هەر لەخۆخواردنەوەدان. چونکە دەبینن وڵاتەکانیان یان ژێردەستەیە یان بێهێزو دوواکەوتووە، هەرچی سەرمایەی وڵاتەکەشیانە لەلایەن حکومەتەکانیانەوە دەدرێت بەچەك بۆ بەرگریی وڵاتانی دراوسێ. بۆ نموونە لەپێشساڵی ١٩٩٥ەوە بودجەی سەربازیی تورکەکان نزیکەی ٨ ملیار دۆلاری ئامریکی بوو. پاش ئەو ساڵە ئەم بودجەیە بووە دوو قات و سێ قات. ئەمە بەشێوەیەکی وا ئابووریی تورکی تەپاند کە هەژارترین کەسی ئەم دونیایە لە تورکیادا ببێتە ملیۆنێر (بەڵام بەلیرەی تورکی!). دیارە تەرخانکردنی ئەم بودجە زۆرە بۆ سوپای تورك هەر لەدژی کورد بووە.

هەندێك لەم تاکانە دەیانەوێت بەڕاستی ناڕەزایی دەربڕن و بەکردار کارێك دژی حکومەتەکانیان یاخود زلهێزان بکەن، ئەویش بەمەبەستی هێنانەکایەی دادپەروەرییە. هەر بۆیە پلەی دووەمی دەنگی ناڕەزایی دێتە کایەوە کە ئەویش دامەزراندنی ئەو رێکخراوانەیە کە دژبە زلهێزانن. . .

ئەم رێکخراوانە لەجیهاندا نموونەیان گەلێك زۆرە. لەسەرەتادا لەنێو وڵاتانی خۆیاندا قەدەغە دەکرێن. کە ئەویش هەر بەخواستی زلهێزانە. یان هەر خۆیان قەدەغەن. هەزاران تاوانی وەك جیاخوازو تیرۆریان دەدرێتە پاڵ، کە باشترین نموونە (پ.ك.ك) بوو. (پ.ك.ك) جگە لەدژایەتیی تورك، لەلایەن زۆربەی وڵاتانی خۆرئاواو بەتایبەتی ئامریکا بەتیرۆریست ناوزەدکرا. چونکە لێدان و نانەوەی پشێوی لەتورکیادا لەبەرژەوەندیی خۆرئاواو ئامریکادا نەبوو بەهۆی ئەوەی تورکیا ئەندامێکی چالاکی ناتۆیەو چەندین بنکەی سەربازیی ئامریکایی تێدایە. لەتێڕوانینی خۆرئاوادا، تورکیا تیرۆریست نییە کە هەرچی ناوی کوردو بۆنی کوردی لێوەبێت قەدەغەیەو سەرکوت دەکرێت. بەڵام (پ.ك.ك) تیرۆریستە. هەر بۆیە کۆمەڵگەی خۆرئاواو ئیسرائیل بەشێوەیەکی بەرکارانە هەوڵی نەمان

یان بچووکردنـەوەی ئـەم ڕێکخراوەیـاندا. لەپێشـدا کردیاننـە تیرۆریسـت، پاشـــان بنکـــەکانیان لـــە ســـووریا بـــەزۆر پێهەڵکـــەندن. پاشـــانیش سەرۆکەکەشـــیان بـــەهۆی دەزگاکـــانی ســـیاو مۆســـادەوە لـــە کینیـــا دەستگیرکردو بەزۆر ڕاپێچی تورکیایانکرد. ئەگینا تورك نەئەوەندە بەهێز بوو و نەئەوەندەش ژیر بوو کارێکی واهی بەئەنجام بگەیەنێت و ڕێکخراوی (پ.ك.ك) بتوێنێتەوە..

وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەتایبـەتی خۆرهـەڵاتی نێویـن کـە زۆربـەیان موســـوڵمانن، بەشـــێوەیەکی بـــەردەوام بوونەتـــە کایـــەی کـــارو بـــازاڕو بەرژەوەندیی زلهێزان. بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە ڕێژەو یەدەکی نەوتیی تێدا زۆرە.. حکومـەتانی ئـەم وڵاتانـەش دەبێت دروسـتکراو و ملکـەچی زلهێزان بـن، ئەگـەرنا ئـەوا بـەرژەوەندیی زلهـێزان لـەم وڵاتانـەدا پـارێزراو نـابێت. هـەر بۆیـە لـەم سـاڵانەی دواییـدا زۆرینـەی دەنگـی نـاڕەزایی و ڕێکخراوە دژ بەزلهێزەکان لەم ناوچانەدا سەر هەڵدەدەن.

دیارە نە حکومەت و لەشکرەکانی جیهانی سێیەم، نە ڕێکخراوە نهێنییە دژە زلهێزەکـانیش نـاتوانن بەرامبـەری خۆرئـاواو بەتایبـەتی ئامریکـا بوەسـتن. چونکـە ئەمانـە خـاوەن ئابوورییـەکی بـەهێزو تەکنەلۆژیایـەکی پێشکەوتوو و هـێزی سـەربازیی بەهێزو زۆرو بۆمبـای ئـەتۆم و چـی و چیـی تـرن و لەماوەیـەکی کـەمدا کـام لـەم دەوڵەتانـە زۆر بـەهێزە ژێـرەوژووری دەکەن. هـەر بۆیـە ئەو ڕێکخـراوە نهێنییانە پەنادەبەنـە بـەر ڕێگـای تـر بـۆ دژایەتیی زلهێزان. کە گرنگترینیان و ئاسانترینیان بەلای ئەو ڕێکخراوانـەوە ڕێگـای تـیرۆرە. تـاوەکو لـەم ڕێگایـەوە ڕای گشـتی جیـهانی سـێیەم و ئایینەکانیان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و زلهێزانیش بترسێنن. . .

ئـەم ڕێگا ناڕەوایـەی کـە نـاوی (تیرۆر)ی لێنراوە کـەمجار بووەتـە هـۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ دڵ و کیانی زلهێزان بلەرزێنێت، بەڵکو زۆربـەیان بووەتـە هۆی کوژران و بریندارکردنی هاوڵاتیی ئاسایی دانیشتووی زلهێزان. دیـارە ئەمە کارێکی تابلێی ناڕەوایە. . .

تیرۆری ئـەم رێکخراوانـە بەهانـەی زۆری هەیـە، گرنگترینیـان بەهانـەی ئایینییە، ئایینی ئیسلامیش یەکەمین و گەورەترینیانە.

کردەوە تیرۆریستەکانی ئەم رێکخراوانەش لەدیدەی ئەم رێکخراوانەوە پێی دەگوترێت (جیهـاد) یــان جەنگی پیرۆز. ئەمانە کردەوەکانی خۆیان بەچەندین ئایەتی قورئانی پشتڕاستدەکەن لەوانە: قاتلواهم حتی لا تکونوا فتنة، واتە "بیانکوژن تانەبوونەتە هۆی دووزمانی و دووبەرەکی". . .

ئـەو کەسەشــی بـەکرداری جـەنگی پـیرۆز هەڵدەسـتێت (موجـاهید)و بەهۆیـەوە لـەناودەچێت، دەبێتـە (شـەهید)و یەکســەر جێگـای بەهەشـتە. بەهەشتیش شوێنێکی هەتاهەتایی خۆشە بـۆ ئـەو جەنگاوەرانـەو بـەپێی ئایەتەکانی قورئان لـەوێ باشـترین پلەوپایـەو خۆشـترین جـێ‌و خـواردن‌و خواردنەوەو جوانـترین ئافرەتیـان پێشـکەش دەکرێـت. هـەر بۆیـە کـردارە تیرۆرییـەکانی خۆتەقاندنەوە بووەتـە کارێکی ئاسایی تاڕادەیـەك رۆژانـە!، چونکـە ئـەو جەنگاوەرانـە جگـە لـەوەی چـەند ناموسـوڵمانێك دەکـوژن، یەکسەر بەهەشتیش بۆ خۆیان دابین دەکەن. . .

پێموابێت خۆرئاوا دەبێت بەشێوەیەکی گرنگتر بیر لەم دۆزە بکاتەوە، چونکە کەسانێك دوژمنایەتیی دەکات کە بە هیچ جۆرێك لەمردن ناترسن‌و خۆیـان رۆژو کـاتی مردنـی خۆیـان دادەنێـن!. بەرامبـەر ئـەمان هـەموو ئەوروپاو ئامریکا تەی بکە کەسێك نابینیتـەوە ئامـادەی خۆکوشـتن بێـت لەپێناوی وڵاتەکەی یان بیروباوەڕەکەیدا.

ئـەو بیــرەی کـــەوا لــەم موجاهیدانە دەکات بەو کردەوانە هەڵسـتن زۆر ترسـناکە. بەخوێندنـەوەی ئـەم دوو نموونـە راسـتینەیەی خـوارەوە دەربـارەی منـدالآن بۆمـان دەردەکـەوێت کـە مرۆڤایـەتی لەگـەڵ کێدا تـووش بووە:

* یـەکێك لەئیسـلامییەکانی جـەزائیر پاکانــە بــۆ ســەربڕینی منداڵــە جەزائیرییـەکان دەکات‌و دەڵێـت ئـەو کردەوەیـە بـەپێی شـەرع‌و بـەپێی قورئان رەوایە.

* باوکێکی بەنگلادیشی منداڵە هەشت مانگەکەی خۆی لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠١ لەجەژنی قورباندا سەردەبڕێت لەبەر ئەوەی شەو خەوی بینیوەو گوایا پێی گووتراوە کە منداڵەکەی خۆی بکاتە قوربانی. ئەم باوکە ئیمامی مزگەوتێك بووە لەبەنگلادیش.

ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١یش هەر لەهەمان هۆی ئاینییەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەڵبەت کارێکی گرانە بگوترێت ڕێکخراوێکی وەك (ئەلقاعیدە) لەسەداسەد بەکارێکی وا هەڵستابێت، چونکە ئەم کارە زۆر گەورەیەو زۆر ڕێکخراوەو باوەڕیش ناکەم ڕێکخراوێکی وەك ئەلقاعیدە ڕێکخستنێکی هێند بەهێزو نهێنگرییەکی ئەوتۆی ببێت بەتەنیا.

چەند باسوخواسێکی تەمومژاوی جارجار دێتە بەرگوێمان، لەوانە کارنەکردنی جوولەکەکانی ناو باڵەخانەی توینگ تاوەر لەرۆژی ١١ی سێپتێمبەرو هەروەها کۆکردنەوەی سەرمایەیەکی زۆر لەناو توینگ تاوەردا بەدووسێ رۆژ پێش هێرشەکە..

هەر چۆنێك بێت بەتەنها ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دژی ئامریکا نییە، بەڵکو زۆر جار چاودێرەکان باسی ناوچەی بەڵکان و سڕبەکانیش دەکەن کە دەستیان لەم کارەدا بووبێت. چونکە کردەوەکانی ئامریکاو ناتۆ لەم ناوچانەدا ئەوەندە جوان نین و خەڵکی ئەم ناوچانە دوژمنی سەرسەختی ئامریکاو ناتۆن..

هەروەها نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت ئەو بەڵگانەی کە ڕێکخراوی قاعیدە تاوانبار دەکەن بەڕووداوی ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر زۆر لاوازن و من گومانم لە هەندێك لەو کاسێتانە هەیە کە کەناڵەکانی میدیای خۆرئاوایی بڵاویاندەکردەوەو پرسیاری دروستکردنی ئەو کاسێتانەش لای زۆر کەس دروستبووە!..

ئەو ڕووداوە پێدەچێت لەلایەن ئەلقاعیدەوە پیادەکرابێت. بەڵام پاڵپشت و نەخشەسازی کارەکە دەبێت هەندێك وڵاتان و ڕێکخراوی تری

ئیسلامیی جیهانی سێیەم بن، واتە کارێکی نێوکۆیی ئەوانە بۆ لووتشکاندنی ئامریکا.

پیادەکردنی کارێکی تیرۆریستیی وەك ١١ی سێپتێمبەر، تەقاندنەوەی باڵوێزخانە، دانانی بۆمب و خۆتەقاندنەوەی موسوڵمانان لەناو شوێنە گشتییەکانداو هتد.. کارێکی تیرۆریستانەیە. بەڵام هۆی ڕوودانی ئەو جۆرە کارانە بەهۆی ئەو تۆوە پیسەوەیە کە خۆرهەڵاتییەکان خۆیان لەجیهانی سێیەمدا چاندوویانەو ئێستا بەری کارە گڵاوەکانیان دەدوورنەوە.

دیارە کردەوە خراپەکانی وڵاتە داگیرکەرە خۆرئاواییەکان بەدرێژایی چەندین سەدەو داگیرکردنی هەموو جیهان لەلایەن ئامریکاوە نابێتە پاکانەیەك بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستانە بەو جۆرە کارانەی وەك ١١ی سێپتێمبەر هەڵبستن، چونکە ئەوە تیرۆرێکەو لەمرۆڤایەتی دەکرێت و سەرئەنجامەکەشی دووکەرتبوونی جیهانە بۆ بەرەی خۆرئاواو جیهانی سێیەم و بەرزبوونەوەی زۆرتری ڕك و کینەیە لەنێوان هەردوو شارستانیی خۆرهەڵات و خۆرئاواو لەوانەیە ئەو جۆرە کارانە سەرئەنجامی خراپتری لێبوەشێتەوە، چونکە کێ دەڵێت ئەو لایەنەی بەرپرسیاری ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەرە، خاوەنی چەکی فرەکوژی بایۆلۆژی و ئەتۆمی نییەو ئێستا خەریکی ئامادەکاری نییە بۆ هێرشێکی تر؟. هێرشێکی واهی کە چۆن مرۆڤایەتی هیرۆشیمای دەستکردی ئامریکای بیرناچێتەوە، ئەویش لەو خراپتر بێت و بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان لەخراپەوە بۆ خراپترین بەرێت.

دەربارەی ڕێکخراوی قاعیدەو خودی ئوسامە بن لادن لێرەدا هەڵوەستەیەك بەپێویست دەزانم. سەرهەڵدانی ڕێکخراوی قاعیدەو دەرەوشانەوەی ئەستێرەیەکی وەکو بن لادن لەسەرەتادا فڕی بەسەر ئایینی ئیسلامەوە نەبوو. بەڵکو زادەی ململانێکانی سەردەمی جەنگی ساردی نێوان سۆڤیەت و ئامریکایە. هەموومان دەزانین ئەوکات کە سۆڤیەت

ئەفغانستانی بەبەرچاوی جیهان و ڕێکخراوی "نەتەوە" یەکگرتووەکانەوە داگیرو کاولکرد، ئامریکا بەهەموو شێوەیەك و ناڕاستەوخۆ بۆ دژایەتیکردنی سۆڤیەت کەوتە یارمەتیدانێکی بێژماری پارتیزانە ئەفغانییەکان و زۆربەی سەرکردەکانیشیان ڕاستەوخۆ ئەندامی سی ئای ئەی بوون و لەلایەن ئامریکاوە شاباش و بەرات دەکران. یەك لەو ڕێکخراوو سەرکردانە ئەلقاعیدەو ئوسامەی لەمەڕ ڕووداوەکانی ٢٠٠١/٩/١١ بوو و ئەستەمە بەبێ پاڵپشتی ئامریکا ئەم کابرایە بەو پایەیە بگەیشتایە. بەواتایەکی تر دەمەوێت بڵێم ئامریکا خۆی ئوسامەی دروستکرد بۆ بەرژەوەندیی ئەوکاتەی خۆی. بەڵام هەر ئەم ئامریکایەیە ئێستا لەبەرژەوەندیی خۆی دەیەوێت ئوسامە لەناوبەرێت..

هەڵبەت هەموومان ئەو ڕاپۆرتنامانەی زوومان بینیوە کە چۆن خودی ئامریکاییەکان خۆیان ڕاهێنانی سەربازییان بە موجاهیدە ئەفغانەکان لەدژی سۆڤیەت دەکرد..

ئەوکات ئوسامە لەدیدی سۆڤیەت تیرۆریست بوو و لای ئامریکاییەکانیش خەباتکەر؟!..

ئەم ڕووداوە هەمان پشتگیریی ئامریکاو ئەوروپامان بۆ خومەینی و شۆڕشی ئێران بیردەخاتەوە بۆ ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران و پاشانیش هەر خۆیان کەوتنە دژایەتیی خومەینی و کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئێراقیان کرد بەگژیداو ٨ ساڵ ئەو دوو ڕژێمە لەجەنگێکی دڕندانەدا بوون و بەهۆیەوە خەڵکانێکی زۆر تێیداچوون و شاری هەڵەبجەی کوردیش هەر بەهۆی ئەم جەنگەوە کیمیاباران کرا..

ئەمە نموونەیەکی تری ئەم سیاسەتە دوو جەمسەری و بێ ڕەوشتانەیەی ئامریکاو خۆرئاوایە کە چۆن بەهەموو شێوەیەك پشتگیریی داگیرکەری ئێراق و سەددام حسێنی کردو چۆنیش پاشترو هەر لە ١٩٩١ەوە دژی وەستانەوە. ئەو دێکومێنتانەی کە خودی پنتاگۆن خۆی ئاشکرایکردن ئەو ڕاستییانە ئاشکرا دەکات کە چۆن دۆناڵد ڕەمسفیڵدی

باڵوێزی ئەو کاتی ئامریکا لەبەغدا لەدیسەمبەری ١٩٨٣ چاوی بە سەددام حسێن کەوتووەو بەڵێنی هەموو یارمەتییەکی ئامریکای بە سەددام داوە بۆ ئەوەی شەڕەکە نەدۆڕێنێت. هەروەها هەمان ئەو دۆکومێنتانە باسی ئەوەش دەکەن کە چۆن بەئاگاداریی ئەمان گازی کیمیاویی لەدژی سوپای ئێران بەشێوەیەکی بەردەوام رۆژانە بەکارهێنراوە؟!.. هەروەها گازی کیمیاویو کەرەستەی بایۆلۆژیو بۆمبای هێشووییان داوەتە ئێراق تاوەکو لەدژی ئێران و کورد بەکاریبهێنن. . . ئەمە جگە لەپێدانی زانیاریی گرنگی جوڵەی لەشکری ئێرانی لەرێی مانگە دەستکردەکانی ئامریکاوە.

حکومەتەکانی خۆرئاوا، میدیای خۆرئاواو گەلانی خۆرئاوا بەشێوەیەکی هەڵە لەدوای رووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەرەوە رەفتاریانکرد. ئەوان کێشەکەیان زۆرتر بەرزکردەوەو گەیاندیانە ئاستی راسیزمێتی. جیهانیان کردە دووبەشەوە، بەشی تیرۆرو دواکەوتن و ئیسلام.. هەروەها بەشی بەرگریکەر لەئازادیو دیموکراسی، واتە خۆیان. یان دەبێت سەربەوان بیت یان تیرۆریستیت!..

بەڵام لەڕاستیدا تیرۆری ئەوان ئەگەر لەمان زۆرتر نەبێت ئەوا هیچی کەمتر نییە. رێکخراوێکی وەك ئەلقاعیدە بەئاشکراو بەناوی جەنگی پیرۆزو ئایینی ئیسلامەوە کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدات، بەڵام ئەوان بەناوی دیموکراسیو ئازادیو کۆمەڵگەی شارستانەوە لەوان خراپتر تیرۆری مرۆڤایەتی بەگشتیو جیهانی سێیەم بەتایبەتی دەکەن. . .

ئەو بۆمبایانەی کە پاش رووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر بەسەر خەڵکی هەژاری ئەفغانندا داباری نموونەی ئەو تیرۆرەیە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لەناوبرد. ژمارەی ئەو خەڵکانەی لەدوای ئەو رووداوەوە بەتیرۆری دیموکراسیو کۆمەڵگەی شارستانەوە لەناوچوون چەند جارێك بەرامبەری تیرۆرکراوەکانی هەردوو باڵاخانەی توینگ تاوەرە؟!. . .و کەسیش باسی ناکات!..

ئامریکاو خۆرئاوا دەیانویست ئەم هێرشە گڵاوەی خۆیان و کوشتنی خەڵکی ئەفغان بەفڕێدانی تورەکە خۆراك لەئاسمانەوە بشارنەوە.

ئامریکاییـەکان لـە هێرشـەکەیاندا بـۆ سـەر ئەفغانسـتان جگـە لەسـەدان هـەزاران بۆمب، بۆ شاردنەوەی کاریگەری تیرۆرانـەی ئـەم بۆمبـە دزێوانـە نزیکەی ٣٧ هەزار پاکەتی خۆراکیان بۆ ئەفغانییەکان فڕێدایەخوارەوە. ئەم پاکەتانـــە جگـــە لەچـــەند جۆرێـــک خواردەمـــەنی، وەك ســـووکایەتی پێکردنێکیـش بـۆ خـەڵکی بۆمبـارانکراوی ئـەفغان ئاڵایـەکی ئامریکاشـی تێدابوو!..

فڕێدانـی ئـەم ٣٧ هـەزار پاکەتـە خواردنـە، لەبـەرخاتری چـاوی کـاڵی منداڵانی ئەفغان نەبوو، بەڵکو تەنها پڕوپاگەندەیەك بوو تاوەکو میدیـای خۆرئاوایی بۆ ئامریکـای بڵاوبکاتـەوە کـە ئامریکـاو فڕۆکەوانـەکان چـۆن هەستی مرۆڤایەتییان جوڵاوە..؟!..

ئـەوەی جێـی سەرسـوڕمانە ئـەم هێرشـەیان ناونـا (دادپـەروەریی بـێ کۆتایی)و پاشانیش کردیانە (ئازادیی پایەدار)؟!..

تەنها قوربـانیی ئـەو هێرشـانە کـە باسـیان بکرێـت چـوار فەرمانبـەری نەتەوە یەکگرتووەکان بوون کە لەئەفغانستان خەریکی دەرهێنانـەوەی مین بوون‌و بەهێرشـی فڕۆکەوانـەکانی ئامریکاو خۆرئاوا لـەناوچوون. ئـەوانی تریـش واتـە ئەفغانییـەکان لـە هیـچ شـوێنێك هـەر باسیشـیان نـاکرێت. تێڕامێنن! تەنها لەهێرشێکی ئەو فڕۆکانـەدا کـە کراوەتـە سـەر زەماوەندێك ٥٠ کەس کوژراون‌و بەسەدانیش بریندار. بەڵام ئامریکاییەکان دەڵێن ئەمـە هەڵەیـەکی تـەکنیکی بـوو و میدیـای نادادپـەروەری خۆرئـاواش بـۆ ئامریکـای دادەپۆشـێت‌و دەڵێـت "دیـارە ئـەو جـۆرە هەڵانـە کـارێکی ئاساییە"!. خۆ باسی ڕەوی ملیۆنانی مرۆڤی ئەفغانی هەر ناکرێت کە چۆن ڕۆژانـە ژمارەیـەکی زۆریـان لێدەمـردن. ئـەم ڕەوەش هـەر لەئـەنجامی هێرشەکانی خۆرئاواوە بوو بۆ سەر ئەفغانستان.

جیـهان‌و مرۆڤایـەتی بـەرەو کـەرتبوون‌و ترسـی تـیرۆرو کارەسـاتی گەورەتر دەچن، ئەگەر بلۆکی خۆرئـاواو ئامریکـا بەشـێوەیەکی بابەتیانـە نەڕواننە کێشـەکان‌و هۆیـە ڕاستینەکانی ئەو کـارە تیرۆرییانـە نەخەنەبـەر

لێکۆڵینەوە لەگەڵ جیهانی سێیەمداو هێندە دەستنەخەنە کاروباری وڵاتانی جیهانی سێیەمەوەو واز لەگەلانی بندەست بهێنن بۆ ئازادی.. ئەوا لە ئێستا خراپتر کار لەکار دەترازێت و لەوانەیە ڕووداوی چەندجار بەرامبەری ١١ی سێپتێمبەری لێبکەوێتەوە. تەقینەوەکەی رۆژی ٢٠٠٢/١٠/١٣ لەدوورگەی بالیی ئەندەنووسیا باشترین نموونەیە کە چەند سەد کەسێکی بێتاوانی تێدا تیرۆرو بریندار کراو زۆربەیان خەڵکی خۆرئاوا بوون. شایانی باسە زۆربەی چاودێرەکان وای بۆدەچن کە ئەمە کردەوەی رێکخراوی قاعیدە بێت[١٠].

ئەمانە دەبێت واز لەو ڕایە بهێنن کە دەڵێت خۆرئاواو خۆرهەڵات هەرگیز بەیەك ناگەن. چونکە ئەم رایە زۆرتر جیهان بۆ دوو بلۆکی رك ئەستوور دابەشدەکات و باشتروایە لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا پردێك ئەگەرچی بچووکیش بێت دروستبکرێت. خۆرهەڵاتیش بەو دوواکەوتووییە نییە کە ئەوان پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، چونکە نیوەی زۆری هۆیەکانی دوواکەوتنی خۆرهەڵات خودی خۆرئاواو سیستمی بەڕێوەبردنەکەیەتی.

چەند سەد ساڵێك لەمەوبەر هۆزانەوانێکی هاوزمانی من بەناوی ئێلبەگی جافەوە کۆمەڵە هۆنراوەیەکی نووسی. لەو هۆنراوانەدا ئێلبەگیی کورد پێشبینی ئەوە بۆ مرۆڤایەتی دەکات کە فڕۆکە، ئوتومبیل، تەلەفون، تەلەڤزیۆن و زۆربەی ئەو بەرهەمە تەکنەلۆژییانەی کە ئێمە ئەمڕۆ سوودی لێدەبینین! دێتە کایەوە. هەروەها باسی هەردوو جەنگی جیهانی و هەردوو جەنگی کەنداوو زۆر راستینەی تر دەکات کە پاش چەند سەد ساڵێك روویانداوە. بەداخەوە منیش وەك ئێلبەگی هاوزمانم حەزم دەکرد پێشبینییەکانم بۆ مرۆڤایەتی تەلەفون و شتی تری لەو بابەتەی تێدابووایە..

---

(١٠) بەپێی وتەبێژێکی فەرمیی سی ئای ئەی کە لەرۆژی ٢٠٠١/٦/١٠دا لەکەناڵی سی ئێن ئێن بڵاوکرایەوە، سی ئای ئەی تیرۆریستێکی لەئامریکا دەستگیر کردووە کە ویستوویەتی بۆمبایەکی ئەتۆم دروستبکات و بیتەقێنێتەوە. هەواڵەکان وایان ڕاگەیاند کە ئەم کابرایە ئەندامێکی رێکخراوی ئەلقاعیدە بووە..

بەڵام دەڵێم "گەر خۆرئاوا بەکارو کردەوەکانی خۆیدا نەچێتەوەو کەمێك خەمی زەوینشینەکان بەگشتی نەخوات. ئەوا نەك خۆرئاوا ئاساییش و ئەم خۆشی و بێکێشەییەی ئێستای لەدەست دەدات، بەڵکو بەهۆی هەر ئەو چەکانەی کە خۆیان دروستیان کردووە! ئەو پلانێتەی کە ئێمە لەسەری دەژین و پێی دەگوترێت زەوی لەبەریەك هەڵدەوەشێت و زیانەکانیشی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی و شارستانی ئەوەندە گەورە دەبێت کە کەس نەتوانێت بۆ نەوەی داهاتووی بگێڕێتەوە. چونکە ئەوکات نە بوونەوەرێك بوونی دەبێت پێی بگووترێت مرۆڤ، نە پلانێتێکیش لە هەسارەی خۆردا بوونی دەبێت کە پێی بگووترێت زەوی!. . . .".

٢٠٠٢/١١/٢٥

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (١)

## هێڵە گشتییەکانی راپۆرتی ئۆتیس پایك

ئەمانەی خوارەوە هەندێك لە هێڵە گشتییەکانی ڕاپۆرتی پایکە کە لەلایەن نووسەرەوە چڕوپڕکراوەتەوە:

* ئەو بەرنامەیەی کە بۆ یارمەتیدانی شۆڕشی کورد دانرابوو بریتی بوو لە ١٦ ملیۆن دۆلار، کە لەلایەن سەرۆکەوە لەو کۆبوونەوە داخراوەی کە لەگەڵ شای ئێران و دکتۆر کیسنجەردا بەستبووی بڕیاری لەسەر درابوو.
* ئەگەر ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیریی ئەو سیاسەتە خراپەی ئێرانی هاوپەیمانی نەکردایە، پێشمەرگە کوردەکان دەیانتوانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا کێشەکەی خۆیان چارەسەر بکەن و بەلایەنی کەمەوە ئۆتۆنۆمی وەدەست بهێنن و دوور بکەوتنایەتەوە لەو خوێنڕشتن و ماڵوێرانییانە. بەلام هاوپەیمانەکەمان لەجیاتی ئەوە شەڕی هەڵبژاردو بووە هۆی هەزاران کوژراو و ٢٠٠ هەزار پەنابەر.
* ئەو دۆکومێنتانەی کە کەوتنە دەست لیژنەی پایك بەئاشکرایی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەرۆك نیکسن و دکتۆر کیسنجەرو شای ئێران هیوادرابوون کە پێشمەرگە کوردەکان سەرنەکەون. بەڵکو دەیانویست بەردەوام بن لەشەڕدا تاوەکو ولاتی ئێراق دابڕوتێنن و لەئاستێکی نزمدا بیانهێڵنەوە.
* هەرچەندە سەرۆکی پێشمەرگە کوردەکان ئەو هەموو هاوارەی بۆ سەرۆك نیکسن و دکتۆر کیسنجەر کرد، بەلام ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنانەت یارمەتیی مرۆییانەشی بۆ ئەو هەزاران پەنابەرە نەنارد کە بەهۆی بڕینی یارمەتییە سەربازییەکانی ئێمەوە ئاوارە بوون. هۆیەکەشی ئەوە بوو وەك یەکێك لەگەورەترین بەرپرسەکانی ئەمەریکا گووتی

پێویستە پرۆسە نهێنییەکان و کاری میسیۆنێرە ئایینییەکان تێکەڵاونەکەین!.

* سەرۆکی پێشمەرگەکان بەڵێنی ئەوەی داینێ لەکاتی سەرکەوتنیاندا ئامادەن وڵاتەکەیان بکەنە ولایەتی (٥١)ەمینی ئەمریکاو لەدوو بۆنەدا کە یەکێکیان ژنهێنانی کیسنجەربوو سێ فەرش و گەردانەیەکی زێڕو مرواریی بۆ کیسنجەر نارد.

* ئەو نامانەی کە سەرۆکی پێشمەرگەکان پاش بڕانی یارمەتییەکان بۆ ئێمەی دەنووسی ئەمانەی تێدا هاتبوو:

پاشاگەردانییەو لێکدابڕانە لەنێوان گەل و هێزەکانماندا. چارەنووسی گەلەکەمان لەمەترسییەکی وادایە کە پێشتر رووینەداوە. ماڵوێرانی چاوەڕوانمانە. ئەوەی روودەدا هیچ پۆزشێکی نییە. ئێمە داواتان لێدەکەین و داوا لەوڵاتە یەکگرتووەکان دەکەین کە دەستبخاتە ناو کێشەکەوەو بەڵێنەکانی بهێنێتەدی و پشتی هاوپەیمانێکی خۆی بەرنەدات. ژیانی سەرۆکی پێشمەرگەکان رزگاربکەن و چارەسەرێکی خێزانەکانمان بکەن.

لەنامەیەکی تردا هاتووە: بەڕێز جەنابی وەزیری دەرەوە، ئێمە هەردەم باوەڕمان بەچارەسەری ئاشتییەو پێمانخۆشە کە ئێراق و ئێران گەیشتوونەتە چارەسەر بۆ کێشەکەیان بەڵام ئێمە دڵمان خوێنی لێدەتکێ چونکە چارەسەری کێشەی ئەوان ماڵوێرانی و شکانی ئێمەیە، تکایە هێرشەکە رابگرن و رێگەی دیالۆگ لەنێوانماندا بکەنەوە، تاوەکو کێشەکەمان چارەسەر بکەین و جەخت لەئێران بکەن تاوەکو یارمەتیمان بدات لەم ساتە مێژووییەداو درێژە بەجەنگی پێشمەرگەییانەی خۆمان بدەین تا دەگەینە چارەسەرێکی سەرتاسەری بۆ کێشەکەمان. . . .

## پاشکۆی ژماره (٢)

## بەیاننامەی ٦ی مارتی ١٩٧٥

لەکاتی دانیشتنەکانی کۆنفڕانسی نوێنەرانی وڵاتانی ئەندامی ئۆپیکدا، کە لەجەزایر بەسترا، بەدەستپێشکەریی سەرۆك کۆمار بۆمیدێن، خاوەنشکۆ شاهەنشای ئاریامیهرو بەڕێز سەددام حسێن جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لەعێڕاق، دوو جار چاویان بەیەکدی کەوت،و بەدوورو درێژی لەمەڕ پێوەندییەکانی نێوان ئێران و عێڕاق-ەوە گفتوگۆیانکرد. ئەو گفتوگۆیانە بەئامادەبوونی سەرۆك کۆمار بۆمیدێن ئەنجامدران کە پڕ لەڕاشکاوی و دڵسۆزیی راستگۆیانەی هەردوولا بوون لەپێناوی بەدەستهێنانی چارەسەرکردنێکی گردەبڕانەو چەسپاو سەبارەت بەهەموو ئەو ناکۆکی و کێشانەی نێوان هەردوو وڵات.

لەگەڵ رەچاوکردنی نەریتی رێزلێنان لەیەکپارچەیی خاك و دەستدرێژینەکردنە سەر سنوورو دەستتێکەڵنەکردن لەکاروبارە ناوخۆییەکانیاندا، هەردوولا گەیشتنە ئەم بڕیارانە:

١- سنوورە زەمینییەکانی خۆیان لەسەر بنچینەی پرۆتۆکۆڵی کۆنستەنتێنیەی ساڵی ١٩١٣و رەشنووسی کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆنی سنووردانەری ساڵی ١٩١٤دا، دەستنیشان بکەن.

٢- سنوورە ئاوییەکانی خۆیان بەپێی هێڵی تالوگ دابنێن.

٣- بەم کارانە هەردوو وڵات ئاسایش و متمانەی بەرابەری لەهێڵکێشیی سنوورە هاوبەشەکانیاندا مسۆگەر دەکەن. هەردوولا بەم شێوەیە دەبنە هاوپەیمان کە لەسەر سنوورەکانی خۆیاندا کۆنترۆڵێکی تەواوو کاریگەر بچەسپێنن بەمەبەستی رێگرتن لەهەر جۆرە کاروکردەوەیەك کە سیمایەکی تێکدەرانەی هەبێت، ئیدی لەهەر بوارێکدا بێت.

٤- هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە بڕیارەکانی سەرەوە هۆکاری لێکدانەبڕاون بۆ چارەسەرکردنێکی تەواو. راستییەکی بەڵگەنەویستە

کە سەرەنجام پەشیمانبوونەوە لەهەر یەك لەو بڕیارانەی سەرەوە، واتە بێبەریبوونە لەگیانی ڕێککەوتنی جەزایر.

هەردوولا پێوەندیی هەمیشەییان بەسەرۆك کۆمار بۆمیدێنەوە دەمێنێتەوەو سەرۆك کۆمار بۆمیدێن لەکاتی پێویستدا بۆ بەجێگەیاندنی ئەو بڕیارانەی کە دراون، کۆششی برایانە بەئەنجام دەدات. خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران و بەڕێز سەددام حسێن بڕیاریانداوە کە پێوەندیی ئاسایی هاوسێیانەو دۆستانەی خۆیان، بەتایبەتی لەپێناوی بەرکەنارکردن و نەهێشتنی هەموو هۆکارە نێگەتیڤەکان لەنێوانیاندا، لەڕێگای ئاڵوگۆڕکردنی بەردەوامی بیروڕاوە دەربارەی ئەو مەسەلانەی کە هەردوو لایان تێیدا هاوبەشن و پێکهێنانی هاریکارییەکی یەکساندا، چەسپاو بکەن.

هەردوولا بەفەرمی رایدەگەیەنن کە ناوچەکە دەبێت لەهەموو جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی بەدوور بێت. بەمەبەستی دەستنیشانکردنی شێوەکارێکی کۆمیسیۆنیی تێکەڵاو لەئێران و عێراق کە بۆ بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە دراون، بەڕێککەوتنێکی هاوبەش پێکدەهێنرێت.

وەزیرانی دەرەوەی ئێران و عێراق بەئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی جەزایر لە ١٥ی مارتی ١٩٧٥دا لەتاران کۆدەبنەوە.

جەزایر، لەسەر خواستی هەردوولا، لە هەموو دانیشتنە تێکەڵاوەکانی ئێران و عێراقدا، بانگهێشتن دەکرێت. کۆمیسیۆنە تێکەڵاوەکە دەستوورو شێوەکاری خۆی دەستنیشان دەکات و لەکاتی پێویستدا بەشێوەی یەك لەدوای یەك لەبەغداو تاران دانیشتن پێکدەهێنرێت.

خاوەنشکۆ شاهەنشا، ئەو بانگهێشتنەی کە لەلایەن سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرەوە بۆ بەئەنجامدانی سەردانێکی فەرمی لەعێراقەوەو لە بەمەزن زانینی ئەوەوە، ئاڕاستەی کراوە، بەشادمانییەوە

پەسەندکرد. رێکەوتی ئەنجامدانی ئەو سەردانە بەرێککەوتنی هاوبەش دەستنیشان دەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە بەڕێز سەددام حسێن ڕازیبوو کە لەو کاتەوەی کە پاشان لەلایەن هەردوولاوە دەستنیشان دەکرێت لەئێرانیشەوە سەردانێکی فەرمی ئەنجامبدرێت.

خاوەنشکۆ شاهەنشاو بەڕێز سەددام حسێن، جێگری سەرۆک کۆماری عێڕاق، لەسەرۆک کۆمار هاواری بۆمیدێن کە لەدڵەوەو لەهەستێکی برایانەو بێلایەنانەوە، پێوەندییە راستەوخۆکانی سەرانی باڵای هەردوو وڵاتەکەی ئاسان کردووەو لەم رووەوە کە بەپێکهێنانی شێوازێکی نوێ لەپێوەندییەکانی نێوان ئێران و عێڕاقداو بەسوودو بەرژەوەندییە باڵاکانی داهاتووی ناوچەکە کۆمەکیان کردووە، بەگەرمییەوە رێزو سوپاسیان ئاڕاستە کرد.

جەزایر- ٦ی مارتی ١٩٧٥

<u>تێبینی:</u>

ئەم بەیاننامەیە لەپەڕتووکی (بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق- اصغر جعفری ولدانی- چاپ اول- ١٣٦٧ - تهران)ەوە لەلایەن کاك (بەختیاری شەمەیی)یەوە لەفارسییەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراوە. بڕوانە: گۆڤاری خوێندکاری کورد- گۆڤاری رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کوردە لەئەوروپا (سۆکسە)- ژمارە ١٦- مارتی ١٩٩٠- دەزگای چاپەمەنیی شەهید فەرهاد خەفاف- ئەوروپا.

## پاشکۆی ژمارە (٣)

# وتارێکی رۆژنامەی پراڤدا
# گووشار لەسەر ئێراق

واشەنتۆن ١٠، (هەواڵنێری تایبەتیی پراڤدا).

(رەوشتی بەرز) ئەوەی کە واشینگتۆن هەمیشە بەسەر مەشقی مانەوەی جیهانی دادەنێت، زۆربەی کات لەلێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت کە هەر بانگەشەی دووڕووییانەیە.

ئەنجوومەنی کۆنگرێسی ئەمەریکی بەڕا لەسەربوونی هەموو لایەکیان بەتوندی سزادانی ئابوورییانەی لەپێوەندییاندا لەتەك ئێراقدا پەسەند کرد، بەتاوانخستنەپاڵی (توند پێشێلکردنی یاسا نێونەتەوەییەکان). یاساناسەکان قەرزدان بەم وڵاتە عەرەبییەو پێفرۆشتنی ئامێرەکانی پیشەسازیی نەوت و کڕینی نەوتی ئێراق یاساخ دەکەن،و هەروەها ئەمەریکا ناچار دەکەن کە لەرێکخراوی دارایی نێونەتەوەییدا دژی قەرزدان بەبەغداد دەنگ بەرزبکاتەوە.

ئایا ئێراق چ زیانێکی بە سیناتۆرەکانی ئەمەریکا گەیاندووە؟.

ئاشکرایە وتەکانیان زۆر زۆر نادیارو لەشەبەنگدایە، دەنگوباسەکانیان بێناوەرۆکە، کە گوایە ئێراق لەنەبەردەکانی جەنگدا مادەی ژەهراویی دژی کوردە یاخیبووەکان بەکارهێناوە. ئەم هەواڵەشیان لەسەر بنچینەی گەواهیدانی هەندێك لەکوردە هەڵاتووەکانەوەیە.

جگە لەمە ئیدی هیچ جۆرە بەڵگەنامەیەکی گرنگ لەدەستی واشینگتۆندا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێك لەسەریەك بەو تاوانخستنەپاڵانەوە دژی ئێراق دواون. لێرەدا ناچارین سەرنج لەوە بدەین کە نوێنەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا چ. ڕیدمێن، بێپەروا خۆی لە گفتوکۆکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە پەڕاندەوە کە لەسەر چ بنچینەیەك ئا بەوجۆرە تاوان دەخەنە پاڵ ئێراقەوە.

بەم شاگەشکەیی‌و پێداگرتنەوە دامودەزگای بەڕێوەبەری کۆنگرە چاوی خۆی لەو کۆنگرەی رۆژنامەگەرییە نووقاند کە لەپایتەختی ئەمەریکادا بەسترا،و وەزیری دەوڵەتی ئێراق بۆ کاروبارەکانی دەرەوە، تێیدا ڕایگەیاند: وەکو دەسەڵاتپێدراوێك بەگردەبڕی هەموو جۆرە خەیاڵێکی خاوی دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەدرۆخستەوە. بەڵام دیارە نەویسترا گوێی لێبگیردرێت، چونکە ئەمەریکا بەهەموو شێوەیەك هەر شوێن ئامانجە فرەخوازییەکانی خۆی دەکەوێت.

ناگونجێت‌و گومان ناکرێت ئەو دەنگوباسانە بەهەڵە بڵاوکرابێتەوە. چونکە ئاشکرایە یەکێ لە ئامانجەکانیان لەو گوشارە ئابووری-رامیارییەدا، بریتییە لە مسۆگەرکردنی خۆبەدەستەوەدانی ئێراق.

هەرچۆنێك بووبێت، ئەو پەسەندکارییەی ئەنجوومەن،و پرۆژەکەیان هەر بۆ ئەوەیە، بەپێیی لێکۆڵینەوەی نوێنەرانی ئەنجوومەن، ئەوەی کە خۆیان مەبەستیانەو چاوەڕوانی دەکەن هەر هەمان شتیان پشتیوانیکردووە.

دەستپێشکەرانی ئەو کارە، وایان تێخوێندووەتەوە کە ئێراق لە ئەنجامدا، رەنگە یەکسەر هەست بەخۆی بکات وەکو وڵاتێك قەرزێکی زۆری بەسەردا کەوتووە کە لە ٦٠ ملیارد دۆلاردایە،و ئیدی هیچ نەبێت بەلایەنی کەمەوە نەوتی ئێراق بەرەو ئەمەریکا ڕەوانە دەکرێت،و لەبری ئەمە ٨٠٠ ملیۆن دۆلارێکیش بەشێوەی قەرز بە بەغداد دەدەرێت.

ڤ. گان

پراڤدا- ژمارە (٢٥٦٠٧) -٢٥٥- رێکەوتی ١٩٨٨/٩/١١- یەکشەممە.

ئەم وتارە لە یەکێك لەژمارەکانی گۆڤاری (سەربەخۆیی)ی ئۆرگانی پاسۆکدا بڵاوکراوەتەوە، کە لەلایەن کاك (بەختیاری شەمەیی)ەوە لەروسییەوە وەرگێڕدراوە.

## پاشکۆی ژمارە (٤)

# یادێك لە شەهید حەمە تەلانی

## پیرۆزبێ یادی پڕشکۆی یەکەم شەهیدی شۆڕشی ئەیلوول

شۆڕشــی مــەزنی یــانزەی ئــەیلولی ســاڵی ١٩٦١، لــەمێژووی خــەبات و ڕاپەڕینی نەتەوەی کورددا لاپەڕەیەکی پڕشکۆو پرشنگدارەو مایەی سەر بڵندیو شانازیی هەموو کوردێکی دڵسۆزو کورد پەروەرە.

کارەســات و ڕووداوە گرینگــەکانی ئــەو شۆڕشـــە پــیرۆزەش، هەمیشـــە یادگارێکی زیندوون لەدڵو دەروونی گشت لایەکماندا.

یــەکێ لــەو ڕووداوە گرینگانــە، شــەهیدبوونی یەکــەم پێشــمەرگەی ئــەو شۆڕشە مەزنەیە کــە بــووە دەســتە چیلــەی گــڕو بڵێســەی ڕاپەڕینەکــەو پێشەنگی کاروانی شەهیدانی نەمری شۆڕشی ئەیلوول.

بــیرەوەریو یــادی یەکــەم شــەهیدی شۆڕشــی یــانزەی ئــەیلوول لــەنێو شۆڕشنامەکانی کوردســتاندا، شــوێنو پلــەو پایەیــەکی شایســتەو دیــاری هەیە.

یەکەم شەهیدی ئەو شۆڕشە مەزنە، شەهید (حەمە تەلانی)ی نەمرە. کە لێرەدا بەبۆنەی تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەك بەسەر شەهیدبوونی ئەو پێشــمەرگە نــەمرەدا، بەشــانازییەوە یــادی دەکەینــەوە. چونکــە ئێمــەی هاوبیرانی بیری کوردایەتی یادکردنەوەی ئەو شۆڕشە مەزنە، بەهەموو ڕوویەکییەوە بەئەرکی پێویستی سەرشانی خۆمان دەزانین. بۆیە هەمیشە زۆر بەشانازیو ڕێزی بێ پایانەوە یادی دەکەینەوە.

لــێرەدا دەستنیشــانی تــەنێ یــەکێ لەئەســتێرە گەشــەکانی ئاســمانی کوردستان دەکەینو بەم بۆنەیەوە سەری ڕێزو ملکەچی بۆ گیانی پــاکی هــەموو شــەهیدە ســەروەرەکانی نەتەوەکــەمان دادەنــەوێنینو بــەڵێنی ئەمەکداریو بەرۆکگری بۆ ڕەوانی پیرۆزیان نوێ دەکەینەوەو پێشمان وایە

کە تەنها ڕێگا بۆ شادکردنی گیانی پاکیان، کۆڵنەدانو دڵسۆزیمانە لەخەباتو تێکۆشاندا لەپێناوی هێنانەدیی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورددا کە خۆی لەماف بڕیاردانی ئازادانەی چارەنووسی نەتەوەکەماندا دەبینێتەوە.

شەهیدی نەمر (حەمە تەلانی) لەساڵی ١٩١٠دا لەگوندی (تەلان)ی سەر بەناوچەی سووورداش پێڵوی ژیانی هەڵێناوە. سروشتی ڕەنگینی کوردستان تۆوی خۆشەویستیی نیشتیمانو شەیداییەکی بەرینی لەدڵو دەروونی شەهیدی نەمردا چاندووەو بەوشەی شیرینی کوردی زمانی پڕاوەو چاوی بەجوانی چیا سەرکەشەکانی کوردستان پشکووتووە. دەنگی زەنگی ڕاپەڕینەکانی نەتەوەکەمان بەسەرۆکایەتیی شێخ مەحمودی نەمر لەگوێیدا زرینگاوەتەوەو پتر بەرەو کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی تاوداوە. هەستی کوردایەتیو بیری ئازادی پاڵپێوەنەرێکی کاریگەر بوون کە هەردەم ئامادەبێ بەبێباکی لەپێناوی سەرفرازیی کوردو ئازادی کوردستاندا سەرو سامانی ببەخشێ.

شەهیدی نەمر هەر لەتەمەنی لاوێتییەوە چۆتە نێو ڕیزەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانەوەو بۆتە سەربازی ونبووی کوردایەتی.

هەڵگیرساندنەوەی بڵێسەی شۆڕش لەیانزەی ئەیلوولی ١٩٦١دا، سەرەتای ژیانێکی نوێی گەیاند بۆ شەهیدی نەمر. هەر بۆیە دیسانەوە بەڵێنی بۆ خاکو نەتەوەکەی تازە کردەوە کە ببێتە پێشمەرگەی گیانبازی ئەو شۆڕشە پیرۆزەش. لەو ڕێگا پیرۆزەدا هەنگاوی هەڵگرتو ژیانی خۆی بۆ ئازادیو سەربەخۆیی کوردو کوردستان تەرخان کرد.

شەهیدی نەمر هەمیشە شانبەشانی برا پێشمەرگەکانی دیکەی، بەوپەڕی ئازایەتیو قارەمانێتییەوە ڕووبەڕووی دوژمنانو داگیرکەرانی کوردستان بۆتەوە. نەبەردەکانی جەنگ شاهیدی مەردایەتیو ئازایەتیو دڵسۆزی شەهیدی نەمرن.

لـەرۆژی ١٩٦١/٩/١١دا شـەهید حەمـە تـەلانیی نـەمر لەشیوەسـووری دەربەندی بازیـان لەشەڕێکی ناهاوتـای کـوردو داگیرکـەرانی کوردسـتاندا، بـەخوێنی گەشـی خـاکی نیشـتمانی نەخشـاندو گەیشـتە ئاسمـانی شەهادەت و لەهەمان شوێنی شەهید بوونیدا، خاکی کوردستان ئامێزی بۆ تەرمە پیرۆزەکەی ئاوەڵاکرد. پاش شەهیدبوونیشی، داگیرکـەران دەستیان لێ هەڵنـەگرت و گۆڕە پیرۆزەکـەیان تێکدا کە ببوو بەڕووگـەی تێکۆشـەران و دڵسۆزانی کورد.

دوژمنە رەفتار درندەکان بەو کردارە ناجوامێرەیان تـاوانێکی دیکـەیان بەرانبـەر مرۆڤایـەتی نیشـاندا، راستە دوژمنـان توانیـان گۆڕی شـەهید تێك بدەن بەڵام هـەرگیزاو هـەرگیز نـەیانتوانیوەو ناتوانن یـادی شـەهید (حەمـە تـەلانی)ی نـەمر لـەدڵی تاکـە کوردێکـدا دەربکـەن. چونکـە پەیکـەری شەهیدانمان هەمیشە لەبەرچاوی دڵماندایەو نایەنە تێکشکان.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهید (حەمە تەلانی)ی نەمر.

سەربەرزیو نەمری بۆ شەهیدە سەروەرەکانی نەتەوەکەمان.

سەرشۆڕیو نەمان بۆ دوژمنانی کوردو داگیرکەرانی کوردستان.

**کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتیی گشتی**
**رێکخراوی خوێندکارانی**
**سۆسیالیستی کورد لەئەورووپا-**
**سۆکسە**
**١٩٨٦/٩/١١**

بڕوانە گۆڤاری (خوێندکاری کورد)، ژمارە (٨)، ئۆکتۆبەری ١٩٨٦.



سەرۆك مستەفا بارزانی



**تاوانبار هێنری کیسنجەر**
**یەکێك لە تاوانبارەکانی تراژیدیای کورد لەساڵی ١٩٧٥ەوە**



هەرەس! — ١٩٧٥



پاشماوەی یەکێك لە تۆپە قورسەکانی شۆڕشی ئەیلوول



هۆمەری خاوەرو کۆرپە چەند مانگانەکەی، ئەو دیمەنەی کە بیرناچێتەوە





دوو گۆشە لە کۆڵانەکانی هەڵەبجە

لە ڕۆژی ١٦/ ٣ / ١٩٨٨دا



# رۆژی تیرۆر

# لەبڵاوکراوەکانی نووسەر:

## پەڕتووك

١-لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان- چاپی یەکەم- هۆڵندا- ١٩٩٤.

٢-پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد- چاپی یەکەم- هۆڵندا- ١٩٩٤. چاپی دووەم- هۆڵندا- ١٩٩٥. چاپی سێیەم- هەولێر- ٢٠٠٢- لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا.

٣-کوردستان. . . نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە- چاپی یەکەم- هۆڵندا- ١٩٩٦. چاپی دووەم- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- کوردستان- هەولێر- ٢٠٠٣.

٤-هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد- چاپی یەکەم- بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم- زنجیرە (١٦)- چاپخانەی ڕوون- سلێمانی- ١٩٩٩.

٥-ئاڵای کورد- چاپی یەکەم- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- زنجیرە (١١٧)- سلێمانی- ٢٠٠١.

٦-ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر- چاپی یەکەم- ٢٠٠٣ هۆڵندا.

## کورتە لێکۆڵینەوەو وتار

٧-بەسەرکردنەوەی پێشمەرگەیەکی کۆن- گۆڤاری دڵانپار- دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان- ژمارە (٣و ٤)- فینلاند- ١٩٩٥/١٢/٢٥.

٨-داگیرکردنی ڕێکخراوە کلتوورییەکان- گۆڤاری دڵانپار- دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان- ژمارە ٢، خولی شەشەم، ساڵی دەیەم- فینلاند- ١٩٩٦/٦/٢٥.

٩-دەربارەی ڕای گشتیی کوردی (وتار)- نووسینی: هەژار کامەلا- وەرگێڕانی لەعارەبییەوە: هاوڕێ باخەوان- گۆڤاری هەڤوت- ژمارە ١١/سێپتەمبەری ١٩٩٦- سویسرا.

١٠-نێوانی یەکێتیو پارتی، دوژمنایەتیی ڕاستینەو ئاشتیی درۆیینەیە!- گۆڤاری هەڤوت- ژمارە ١٢/دیسەمبەری ١٩٩٦- سویسرا.

١١-لێدوانێك دەربارەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی باشووری کوردستان- گۆڤاری هەڤوت- ژمارە ١٣/ ئاپریلی ١٩٩٧- سویسرا.

١٢-بروسکەی شەرمەزاری- مانگنامەی هەتاو- ژمارە ١٣و ١٤- ژونی ١٩٩٧- لەندەن.

١٣-ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەنسیکلۆپیدیای مێژووی کوردستانو کورد- گۆڤاری هەڤوت- ژمارە ١٤- ئۆگەستی ١٩٩٧- سویسرا. (ئەم وتارە بۆ دووەمجار لەگۆڤاری ڕاماندا بڵاوکراوەتەوە- ژمارە ١٨- مانگەنامەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە- دەزگای گوڵان دریدەکات ١٩٩٧/١٢/٥- هەولێر.

١٤-مێژوو بۆ فرۆشتن- گۆڤاری دڵنپار- دەنگی کۆمیتەی ئاشتیو پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان- ژمارە ٢، خولی هەفتەم- فینلاند- ١٩٩٧.

١٥-ڕۆڵی پارتی ئۆپۆزیسیۆن لەڕووداوەکانی باشووری کوردستاندا- گۆڤاری هەڤوت- ژمارە ١٥- فێبریوەریی ١٩٩٨- سویسرا.

١٦-العوسج او انجە ممند (بەزمانی عەرەبی)- ڕۆژنامەی ئەلحەیات- لەندەن- ژمارە (١٢٧٥١)- ١٩٩٨/١/٢٩. هەروەها ئەم وتارە لەژمارە ٨٦٣ی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی لە ١٩٩٨/٢/٢٠دا لەهەولێر بەزمانی عەرەبیو کۆمینتارێکی خەبات خۆی دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

١٧-گورگە بۆر بوو بەتاوانبار لەمیدیای هۆڵەندیدا- ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان- ژمارە ٢٦٦- دووشەممە ١٩٩٨/٣/١٦- کوردستان- سلێمانی.

١٨-گرفتی کورد، گرفتی ڕووناکبیرانێتی- ئاڵای ئازادی- ژمارە ٢٦٧- ١٩٩٨/٣/٣٠- سلێمانی. (ئەم وتارە بۆ دووەمجار لەگۆڤاری هەڤوتدا بڵاوکراوەتەوە- ژمارە ١٦- سویسرا- ژونی ١٩٩٨).

١٩-ئاڵەکۆکێك بۆ گڵکۆی (ڕەهبەر جەلال مامەش) سەربازی ونی هونەرو وشەی کوردی- ئاڵای ئازادی- ژمارە ٢٧٤- ١٩٩٨/٦/٢٢- سلێمانی.. (ئەم وتارە بۆ دووەمجار لەگۆڤاری هەڤوتدا بڵاوکراوەتەوە- ژمارە ١٧- سویسرا- ئۆگەستی ١٩٩٨).

٢٠-لۆبیی کورد- گۆڤاری زوروان- ژمارە سفر- گۆڤارێکی تیۆری- کلتوورییە- مەڵبەندی کلتووریی کورد لە دەنهاخ دەریدەکات- ساڵی یەکەم- هۆڵندا- ١٩٩٨. هەمان وتار بۆ جاری دووەم لەگۆڤاری سەربەخۆبووندا بڵاوکراوەتەوە- گۆڤارێکی هزری سیاسیی وەرزییە- یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەریدەکات- ژمارە ٧و ٨- لاپەڕە ٤٩-٦٦- هەولێر- کوردستان.

٢١-بەهای مێژوویی یاداشتو بیرەوەری نووسین- گۆڤاری سیمرغ- ژمارە ٦- ساڵی ١٩٩٩- لیوڤن- بەلژیك.

٢٢-گرنگترین ڕووداوەکانی کوردستان لە دوو هەزارەی رابردوودا- ئەم نووسینە گۆڤاری گولان بەبێ ئاگاداریی من لەهاوڕێنامەوە ئامادەیکردووە، شایانی باسە نەناوی من هێنراوەو نەسەرچاوەکەش بەراستی نووسراوە- گولان- ژمارە ٢٥٩- ١٩٩٩/١٢/٣٠- هەولێر.

٢٣-چارەنووسی PKK لەباشووری کوردستانو ڕێککەوتنی ئەم دواییەی پارتیو یەکێتی- هەڤوت- ژمارە ١٨- ئەپریلی ١٩٩٩.

٢٤-ئایا ئنتەرنێت سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە- گۆڤاری هەڤوت- ژمارە ٢١- مایی ٢٠٠٠.

٢٥-هەڤپەیڤینێك لەگەڵ هاوڕێ باخەوان- ئامادەکردنی ئاکۆ محەممەد- بەشی یەکەم- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ٩٠- ٢٠٠١/٣/٢١- هەولێر- کوردستان.

٢٦-رەوشی پەناهاندەی کورد لەهۆڵندا- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ٩١- ٢٠٠١/٤/١- هەولێر- کوردستان.

٢٧-هەڤپەیڤینێك لەگەڵ هاوڕێ باخەوان- ئامادەکردنی ئاکۆ محەممەد- بەشی دووەم- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ٩١- ٢٠٠١/٤/١- هەولێر- کوردستان.

٢٨-تورەیی کورد لەهەندەران (خۆپیشاندانەکەی لاهای)- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ٩٢- ٢٠٠١/٤/١٥- هەولێر- کوردستان.

٢٩-تیرۆری سیاسی- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ٩٨- ٢٠٠١/٦/١٦- هەولێر- کوردستان.

٣٠-هێزکاری وەستانی شەڕ بەسەر ئابووریی تورکیاوە- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٠٣- ٢٠٠١/٨/١٥- هەولێر- کوردستان.

٣١-زماوەندێك لەهەندەران- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٠٤- ٢٠٠١/٩/١- هەولێر- کوردستان.

٣٢-وێنەکانی تاوانبارى ئەنفال.. لەخۆپیشاندانی فەلەستینییەکاندا!- ڕۆژنامەی ئەلحەیات- بەزمانی عەرەبی- ژمارە ١٤٠٥٦- ڕۆژی ٢٠٠١/٩/٩- لەندەن. هەروەها هەمان وتار سەرلەنوێ لەژمارە ١٠٧ی ڕۆژنامەی میدیای عەرەبیدا بلاوکراوەتەوە- ٢٠٠١/١٠/٨- هەولێر- کوردستان.

٣٣-چۆن کۆیانبکەمەوە؟!- ئالای ئازادی- ژمارە ٤٣٣- ٢٠٠١/٩/٢٤- کوردستان- سلێمانی.

٣٤-ڕۆژی شۆڕش.. ڕۆژی تیرۆر- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٠٨- ٢٠٠١/١٠/١٥- هەولێر- کوردستان.

٣٥-دەستی بەخوێنی نەزار خەزرەجی بە(کەسایەتییە عێراقییەکان) ناشاردرێتەوە- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١١٠- ٢٠٠١/١١/١٥- هەولێر- کوردستان. (تێبینی: ئەم وتارە بەزمانی عەرەبی نووسراو نێردرا بۆ ڕۆژنامەی "الزمان"ی عەرەبی، بەلام بلاویان نەکردەوە. تێکستە کوردییەکە لەلایەن کاك ئاکۆ محەممەدەوە لەعەرەبییەوە وەرگێڕدراوە). ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١١٢- ٢٠٠١/١١/١٥- هەولێر- کوردستان.

٣٦-بێڕەوشتیی چەند تورکمانێك لەسەر سنووری باکوور- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٢٣- ٢٠٠٢/٥/١٥- هەولێر- کوردستان.

٣٧-نە باشووری کوردستانو نە کوردستانی ئێراق!- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٢٤- ٢٠٠٢/٥/٣١- هەولێر- کوردستان.

٣٨-خۆرهەلاتی تیمۆر، دەبێتە نوێترین دەوڵەتی سەرزەمین- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٢٤- ٢٠٠٢/٥/٣١- هەولێر- کوردستان.

٣٩-ڕاسیستەکانی ئەوروپا!- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٢٥- ٢٠٠٢/٦/١٥- هەولێر- کوردستان.

٤٠-خۆشبەختانە شادیی تورکان تاسەر نەبوو- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٢٦- ٢٠٠٢/٧/١- هەولێر- کوردستان.
٤١-من لەمێژە دەستم لە حیزبەکان شوشتووە- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٢٧- ٢٠٠٢/٧/١٥- هەولێر- کوردستان.
٤٢-پێشبینییەکی ناخۆش بۆ پەیوەندیی نێوان کوردو تورکمان- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٢٨- ٢٠٠٢/٨/١- هەولێر- کوردستان.
٤٣-وەرگرتنی تایبەت لە زانکۆکانی کوردستاندا- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٢٩- ٢٠٠٢/٨/١٥- هەولێر- کوردستان.
٤٤-بۆچی پێم ناخۆش بوو مەلا کرێکار گیرا!- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٣٣- ٢٠٠٢/١٠/١- هەولێر- کوردستان.
٤٥-ئاشتیی راستینە- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٣٤- ٢٠٠٢/١٠/١٥- هەولێر- کوردستان.
٤٦-داوای لێبووردن دەکەم!- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٣٥- ٢٠٠٢/١١/١- هەولێر- کوردستان.
٤٧-هیوادارم پێشبینییەکەم راست دەرنەچێ- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٣٩- ٢٠٠٣/١/١- هەولێر- کوردستان.
٤٨-سووڕی ژیانی کۆمۆنیستەکانی کورد لەسروشتدا- ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٤٠- ٢٠٠٣/١/١٥- هەولێر- کوردستان.
٤٩-نامەی شادمانی- ئەم نامەیە بەزمانی عەرەبی لەگەرمەی جەنگی کەنداوی سێیەمدا نووسراو دوو جار نێردرا بۆ ڕۆژنامەی ئەلحەیات، بەلاّم بلاّویاننەکردەوە!- ٢٠٠٣/٤/٥.
٥٠-من بوومایە لەجیاتیی کاک فەلەکەدین کاکەیی وام دەگووت!- ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٤/١٦.
٥١-پانۆرامای ڕووداوەکانی جەنگی کەنداوی‌سێیەمو پەیوەندییان بەکوردەوە- ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٤/٢٩.
٥٢-کەمبوونەوەی دۆستەکانی ئامریکاو دەوڵەتی کوردی- ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٥/١.

٥٣-کەرکوك و سیناریۆکانی- رۆژنامەی بارزان- رۆژنامەیەکی گشتییە لە ئەمەریکا دەردەچیّ- ژمارە ٤٠و ٤١- لاپەڕە ١٦- مایی ٢٠٠٣. ماڵپەڕی کوردستان نێت ٢٠٠٣/٥/٧.

٥٤-کوردو بەغدا- ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٥/٨.

٥٥-کوردو جامیعەی عەرەبی- ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٥/١٣.

٥٦-سیناریۆیەکی دیکە بۆ کەرکوك!- ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٥/١٤.

٥٧-دەنگی زوڵاڵی شۆڕش، حەمە رەشید هەرەس- ماڵپەڕی کوردستان نێت و دەنگەکان- ٢٠٠٣/٥/١٥.

٥٨-پڕۆلیتاران؟!، ئەمەتان لەچی؟!و ئەوەتان لەچی؟!- هەفتەنامەی جەماوەر- ژمارە ٣١- هەولێر- ٢٠٠٣/٥/٢٦. ماڵپەڕی دەنگەکان و پاسۆك- ٢٠٠٣/٥/١٥.

٥٩-کراسێك لە حیزبوڵلای کورد دادڕن!- هەفتەنامەی جەماوەر- ژمارە ٣٣- هەولێر- ٢٠٠٣/٦/٩. کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٥/١٨.

٦٠-نامەیەك بۆ عەبدولباری عەتوان- ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٥/١٩.

٦١-بڕیارێکی نادادپەروەرانە- ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٥/٢٠.

٦٢-پێشگیریی جەنگی ناوخۆ لەکەرکوکدا بڕیاری بوێرانەی دەوێت- ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٥/٢٢.

٦٣-کەری زێڕین؟!- هەفتەنامەی جەماوەر- ژمارە ٣٤- هەولێر- ٢٠٠٣/٦/١٦. ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٦/١٠.

٦٤-هەواڵێك لەخاتوو "تادوهیبا"ی میتانی، "نێڤەرتیتی- ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٦/١٤.

٦٥-چەند مەرجێکی سەرکەوتنی ریفراندۆم- رۆژنامەی میدیا- ژمارە ١٤٧- لاپەڕە ٢- ٢٠٠٣/٩/٩- کوردستان- هەولێر. ماڵپەڕی کوردستان نێت- ٢٠٠٣/٩/٤.

دەتوانن تەواوی نووسینەکانی هاوڕێ باخەوان لەسەر وێبی
http://www.bakhawan.com
بخوێننەوە

گەر خۆرئاوا بەکارو
کردەوەکانی خۆیدا نەچێتەوەو
کەمێك خەمی زەوینشینەکان
بەگشتی نەخوات. ئەوا نەك
خۆرئاوا ئاساییش و ئەم خۆشیو
بێکێشەییەی ئێستای لەدەست
ەدات، بەڵکو بەهۆی هەر ئەو
چەکانەی کە خۆیان دروستیان
کردووە! ئەو پلانێتەی کە ئێمە
لەسەری دەژین و پێی دەگوترێت
زەوی لەبەریەك هەڵدەوەشێت و
زیانەکانیشی بۆ مرۆڤ و
مرۆڤایەتیو شارستانی
ئەوەندە گەورە دەبێت کەکەس
نەتوانێت بۆ نەوەی داهاتووی
بگێڕێتەوە. چونکە ئەوکات نە
بوونەوەرێك بوونی دەبێت پێی
بگووترێت مرۆڤ، نە
پلانێتێکیش لەهەسارەی خۆردا
بوونی دەبێت کە پێی
بگووترێت زەوی!....